# نەورۆز

# سەرەتای شارستانیەت

# و

# جەژنی نەتەوایەتی کوردە

**پرۆفیسۆر د.رفیق شوانی**

**2714 ک** **2014ز**

# ناوەڕۆکی بابەت


پێشکەشی ........................................ 4
پێشەکی ........................................ 5
1-دەروازەیەك بەرەو نەورۆز ........................................ 6
2-ناوی نەورۆز چۆن هێنراوە ؟ جەژنی نەورۆز ........................................ 8
3-نەورۆز ژیانەوەیە ........................................ 10
4-لەکوێ نەورۆز یادەکرێتەوە ؟ ........................................ 12
5-جۆرەکانی نەورۆز ، نەورۆزی گشتی ........................................ 12
6-نەورۆزی تایبەتی ........................................ 13
7-نەورۆزی سروشتی ........................................ 14
8-نەورۆزی ئاینی ........................................ 15
9-یەکەم نەورۆز لای کێ بوو؟ ........................................ 16
10-ئەفسانەی بەهاری نەمری ........................................ 17
11-نەورۆزی سیاسی و ئابووری ........................................ 18
12-نەورۆزی کورد و کاوە و ئەژدەهاك ........................................ 20
13-نەورۆز بوونی کورد ........................................ 24
14-ئاگری نەورۆز چی دەگەیەنێت ........................................ 25
15-گرنگی و واتاو و بایەخی نەورۆز ........................................ 28
16-پەیوەندی نەورۆز و ئاینی زەردەشتی ........................................ 30
17-چۆنیەتی یادکردنەوەی نەورۆز ........................................ 31
18-خواردنی نەورۆز (خوانی نەورۆز) ........................................ 37
19-مێژووی ڕووداوی نەورۆز بەگشتی ........................................ 39
20-ڕووداوی نەورۆزکەی بوو؟ ........................................ 41
21-چۆن نەورۆزلەپایزەوە هێنرایە بەهار؟ ........................................ 41
22-بایەخدان بە نەورۆز ........................................ 43
23-نەورۆز لەسەردەمی ئیسلامدا ........................................ 45
24-نەورۆز کەلتوور ........................................ 48
25-نەورۆز و سیستەمی دەوڵەت ........................................ 48

26- چۆن نەورۆز بۆتە یەکەم شارستانیەتی کورد؟ ................................................ 49
27-ئەنجام ................................................................................................ 51
28-سەرچاوەکان ........................................................................................ 53

## پێشکەشی

**پێشکەشە بە:**

**★مەزلۆم دۆغان ... قارەمانی ڕێگای تێکۆشان ، کە لە وڵاتێکی بیست ملیۆن کەسی ،قەدەغەکراوی.. زمان بەستراو ، بەباوەڕی کوردانە و جەستەی خۆی ، گڕی ئاگری نەورۆزی کوردی ،ساڵی 1982دا لەدوژمن بەردا، وەرچەرخانێکی مێژوویی بەرپاکرد ، بەرامبەر هەموو جیهان، وڵاتێکی هێنایە سەرزمان.**

**پ. د. رفیق شوانی**

# پێشەکی

نەورۆز بابەتێکی چڕوپڕو ئاڵۆزە، چونکە مێژوویەکی دێرینی هەیە. دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ و بە لە مێژووی زایینی. مێژوویەکی دوورو درێژی وا بێگومان ئاڵۆزی و تاریکی دەگرێتە خۆی، بابەتێکی وا پێویستی بە روونکردنەوەو گەڕان بە دوای سەرچاوەی زانستی هەیە.

ئەم باسە هەوڵی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵی ئارەزووی نەتەوەیی منە، بە دوای راستی نەورۆز و نەورۆزی کوردا دەگەڕێم، کە چۆن رووداوێکەو تا چ رادەیەك پەیوەندی بە کوردەوە هەیە. چەندین وتارم لەمرووە وە هەیە. بەڵام دەوری ساڵێك کەمترە، سەرچاوەی چاکم بە زمانی فارسی دەربارەی نەورۆز دەسکەوت و دوای خوێندنەوەم دەرکەوت، کە نەورۆز چەند جۆرێکی هەیە، وەکو نەورۆزی ئاینی، نەورۆزی سروشتی و نەورۆزی نەتەوەیی.

نەورۆزی نەتەوەیی نەورۆزی نەتەوەی کوردە، لە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەرو ئەژدەهاکەوە سەرچاوەی گرتووە، قوربانییەکانی ئەژدەهاك رۆڵەی نەتەوەی کوردن و لە تیرەی پەهلەوانانن و رەگەزی کوردن. ئەمەش لە شانامەی فیردەوسیدا باسکراوە، نەورۆز رووی جۆراجۆری هەیە، لەم باسەدا بە پشتبەستن بە سەرچاوە، ئەم جۆرە جیاوازانەی نەورۆز روونەکاتەوە.

لێرەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی فراوان واتای نەورۆز ، مێژووی نەورۆز ، جۆرەکان ، نەورۆز بوونی کورد و رۆژمێری نەورۆز رونبکەمەوە، بە شێوەیەکی زانستی و بە بەڵگەی سەرچاوەکانەوە، بێجگە لەوەی جەختم لەوە کردۆتەوە، کە نەورۆز شارستانیەتی گەلانی ئاریا زەمین بە تایبەتی شارستانیەتی کورد پێکدەهێنێت.

نەورۆز رۆژێکی نوێیە، سەردەمێکی نوێ و وەرچەرخانێکی مێژوویی بەرپاکردووە، رۆژی رزگاری و سەرفرازی و ئازادی کوردە، نەورۆز ڕووی پیرۆزی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی هەیە، لەم بابەتەدا رونکراونەتەوە.

پ. د. رفیق شوانی
2013/9/3

## دەروازەیەك بەرەو نەورۆز

نەورۆز وەکو وشەیەك لە رووی واتای زمانەوانییەوە، رۆژی نویٚ دەگەیەنێت، واتە واتای فەرهەنگی بریتییە لە رۆژێك کە تازە پەیدا بووە و نوێیە، پێشتر نەبووە و بوونی نییە و نەبووە، لەو رۆژەوە کە روویداوە پەیدابووەو وهاتۆتە ناوەوە هەستپێکراوە، چونکە نەورۆز سەرەتای وەرچەرخانێکی مێژووییە.

نەورۆز وەکو زاراوەیەك لە کەلتووری گەلانی ئاری رەگەزدا چەسپاوەو مۆرکێکی جۆراوجۆری ئاینی، ئەفسانەو مێژوویی، جوگرافی، کۆمەلأیەتی، سیاسی و نەتەوەیی لای هەر نەتەوەیەك لەم گەلانە گرتۆتە خۆی، بە گشتی نەورۆز بابەت و بۆنەو کەلتورو رووداوێکی پیرۆزە چۆتە ناو کەلتوری ئەو نەتەوانەوە. وشەکە لە واتای فەرهەنگی خۆی زیاتر بەرەو فراوانی رۆیشتووە، واتای نوێبوونەوەیەکی زۆر فراوانبوون، رۆژو سەردەمێکی تازە و نویٚ، رۆژێکی خۆش و گەش و جوان، رۆژێکی پڕ جۆش و خرۆش و جولەو جەولانە، کۆتایی سەردەمێکی کۆنی ناخۆش و تارێك و ئەستەم و پر ستەمە، سەرەتای سەردەمێکی تازە و نویٚ و روناك ئازادی و سەربەستییە. نەورۆز رۆژی گەیشتن بە ئاوات و جێبەجێکردنی ئاوات و داواکارییەکانە، رۆژی تازەبوونەوەی ژیان و سەردەمێکی نوێیە، رۆژی پڕ خێرو بەرەکەت و فەڕە، رۆژی رزگاربوون و سەرفرازییە، رۆژی هیوا و خواستن و جێبەجێکردنی مرازەکانە، رۆژی هیوا خواستی بەرەو خێزان پێکەوەنان و پێکهێنانی مالٚ و مندالٚ و خانەوادەیە، رۆژی هیوابەخشینە بە ژیانێکی خۆش، پڕ لە خۆشی و گەش و ئاشتی، رۆژی ئاوات خواستنە بە کۆتایی نەخۆش و رەشبینی و رۆژی چاکبوونەوەو رزگارییە لە دەستی خراپەکاری و هێزی شەڕە کە ئەهریمەنە.

لە راستیدا ئەگەر بچیتە ناخی نەورۆز و چۆنیە باسکردنی نەورۆز لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، لێکدانەوەی وشەی نەورۆز کە بۆتە زاراوەیەك لە نێو گەلانی ئاری رەگەز زۆر زیاتر لەم لێکدانەوەیە هەلٚدەگرێت، بۆیە دەکرێت بلێین نەورۆز ژیان و ژینە، نەمانی ستەم و هێزی شەڕ ئەنگیزو خراپەکارییە، رۆژی رزگاربوونە لە ژیانێکی ئاژەلٚ ئاسا و بەرەللأیی و ناریك و پێك، رۆژی دامەزراندنی ژیانێکی نوێیە، بە دامەزراندنی کۆمەلێکی نویٚ دەستپێدەکات، کە ژیانی بەرەللأیی سەر لێشیواوی، قات و قڕی و نەهامەتی، نەبونی و هەژاری، نارێکی و جەورو ستەم، کوشتن و بڕین، خوێنرشتن و دلەڕاوکیٚ مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە کۆتایی پێدەهێنێت، هەموو ئەم وەسف و لێکدانەوەیە لە وشەی نەورۆزدا وەکو یەك کۆدەبێتەوە، نەورۆز بابەتی جۆراوجۆری گرتۆتە خۆی مێژوویی کۆن لە سەرچاوەکاندا هەموو ئەمانە، بە زیادەوە باسدەکات، چونکە نەورۆز رووی جیاوازو جۆراوجۆری کۆمەلأیەتی و لایەنی نەتەوەیی و خەبات و بەرخودان و راپەڕین دەگرێتە خۆی.

بۆیە ئەم وەسفەی نەورۆز لە خۆوە نایەتە بەردەست و بە شێوەی داریشتنی لە خۆوە وشە جوان و بریقەدار لە بارەیەوەو بە خەیالٚ ئامیز رێزبکەین و پێیدا هەلٚبدەین، بۆیە دەلٚێین نەورۆز راستی و دروستییە، رووداو و مێژووە، ئاین و ئەفسانەیە، داستان و راپەڕینە، جوگرافی و گۆڕانی ئاوهەوایە، سەردەمێکی نویٚ گۆڕانی جوگرافی و سروشتە دوای هەزاران سالٚ روویداوەو پێکهاتووە، تا پیٚ بە پیٚ گەیشتوتە ئەم بارە گۆڕانە جوگرافی و سروشتییەی ئێستا، کە هەروەکو وتمان دوای هەزاران سالٚ گۆڕاوەو — گرتووەو سەقامگیر بووە.

نەورۆز بە واتای رۆژێکی نوێ دێت کە لەوە پێشتر وەکو رووداو ئەو رووداوە نوێیە نەبووەو روینەداوە، واتە سەردەمێکی نوێ لە مێژوودا، رۆژێکی مێژوویی وە وەرچەرخانێکی مێژووییە، سەرەتای سەردەمێکی نوێیە و کۆتایی بە سەردەمێکی کۆنی ناخۆش و پڕ ستەم و جەورو جەفا هێناوە.

نەورۆز بابەتێکە وەکو رووداو، لە کۆنەوە چۆتە ناو زۆر باس و خواسەوە. تەنانەت چۆتە ناو ژیانی ئابووری و کشت و کاڵیشەوە، لە وەرزە جیاوازەکاندا بوونی هەیە، کە لەلایەن خەڵکی کاسبکار و پاڵەو وەرزێر و جوتیارەوە بایەخی پێدراوە. لە سەرەتا و کۆتایی دەستپێکردنی وەرزی ئیش و کاریان بە تایبەتی لە کۆتاییەوە، وەکو شەرتە شوانی، جوتیاری، پاڵەیی کە دەغل و دان و تەبارە درەوکراون و کۆتاییان هاتووە، کراوەتە جەژن یا لە کاتی پیگەیشتنی خەلە و خەرماندا، بەو بۆنەیەوە خۆیان بە جل و بەرگی جوان و پۆشتە و پەرداخ گۆڕیوە و خواردنی خۆشیان ئامادەکردووە. وتویانە رۆژێکی خۆش و نوێیە لە سەردەمی کۆندا پێیان وتووە جەژنەکانی گاهنبار، جۆرێك و بەشێکن لە نەورۆز[1].

یا ((گوشتا سپ)) فەرمانی داوە کە کەبیسە بگرن و (فەروەردین) ئەو رۆژە هەتاوی لە سەرەتای سەرەتاندا گرت و وتوێتی ئەم رۆژە دیاری بکەن و بیکەنە نەورۆز کە سەرەتان بەری ئیش و کار و بەرهەمەکانە وەرزێران تەنانەت خراپترین کاتی دانیماڵیات بۆیان ئاسان بوو[2].

[1] عەبدولعەزیم رەزایی، مێژووی نەورۆز و لۆژیای ئێران، وەرگێڕ: شەریف فەلاح، دەزگای موکریانی، هەولێر 2013:45، گاهنبار واتە ساڵێك یا وەرزێك بەگشتی دەکرێت بە واتای وەرزەکان یا بەشەکانی ساڵە.

[2] عەبدولعەزیم رەزایی، هەمان سەرچاوە: 47.

## ناوی نەورۆز چۆن هێنراوە؟

**ناوی نەورۆز بە شێوەی جۆراوجۆر وشەکەی لای ئەو میللەتانەی کە یادی دەکەنەوە هاتووە:**

**نەورۆز لای ئێرانییەکان ئەم ناوانەی بۆ بەکارهاتووە:**

**عید فەروەردین، جەشنی بەهار، بەهاری جەشن، لای فارس ناوی نەورۆز زۆرتر باوترە.**

**نەورۆز بە پەهلەوی: بنچینەی وشەی نەورۆز لە پەهلەودیا (نۆگ رۆچ Nokroc[1] ، نۆك روز – نوك روز) یا (نۆك ڕوچ)[2]. لای ئەبی نەواسی شاعیری عەرەبیش ئەلنوکروز (النوکروز) بەکارهێنراوە[3].**

**نەورۆز لای کورد: جەژنی کورد، جەژنی تۆڵە، جەژنی نەورۆز، جەژنی نەتەوەیی. جەژنی ساڵی تازە واتە سەرساڵی نوێی کوردی.**

**لای عێراقییەکان واتە عەرەب: نەورۆز، دەورەتئەلسەنە، ئەلتەحویل (التحویل) عید ئەلرەبیع (عید الربیع)، دخول السنە، عید ئەلشەجەرە (عید الشجرە)، مەبەستیاد لەم وشەیەی دوایین هەستدەکرا بۆ سووکبوونەوەی نرخی نەورۆزی کوردو دوورخستنەوەی لە کورد بووە هەروەها (دخول السنە).**

**بە هیندی:**

**لای زەردەشتییەکان نیشتەجێ هیندستان: عید ئافروز، پتینی (پتینی Pattiti) ئەمە لە ئاڤێستا وەرگیراوە بە واتای تۆبەکردنە.**

**لە لوبنان: نەیریز (نیریز)، لە عەرەبی بۆتە نیروز- النیروز[4]**

**لە میسر: ئەلنەوروز (النوروز)، شەم ئەلنەسیم (شم النسیم) واتە بۆنی شنە.**

**لای قیبتیە میسرییەکان و ئەسیوبیەکان: جەژنی شەهیدان (عید الشهداو).**

**بە گشتی نەورۆز جەژنی بەهارە.**

**بە زمانی ئینگلیزی نیو new، بە ئەڵمانی neu، بە فەرەنسی nouveau، بە ئیتاڵی nova[5].**

**لێرەدا جێگای خۆیەتی بڵێین وشەی (نەو) لە زمانی کوردیدا شێوەی (نۆ، نوێ، نوی) یش بە کار هاتووە.**

---

[1] دکتر بهرام فرەوشی، فەرهەنگی فارسی بە پەهلەوی، انتشارات دانشگاه تهران، شماره (1749)، 1381: 529. هەروەها ایران کوده اوردم، معدوم جروه شماره (9)، ص209، ج بانك ملی ایران/ 3/13-1317 یزدگردی، دیوید مکنزی، فرهنك کوچك زبان پهلوی، ترجمه د. مشهید میر فخرایی، تهران 1383: 316، بۆ نوروز (نۆگ رۆز Nog – Roz ) بەکارهێناوە.

[2] عەبدولعەزیم رەزایی: 159.

[3] مجتبي مینوی ،احدی فارسیات ابي نواس ،مجلة الدراسات الادبي،العدد (1) سالَی 2،(بیروت1964).

[4] الجوالیقي،المعرب في الکلام الاعجمي ص149 طبع لیزك،1867م،اساس البلاغة ج ص439،دارالکتب المصریة ص161،المطبعة الکاثولیکیة،بیروت 1980.

[5] محمد امین رشید ، النوروز ڧ الادب الفارسی حنی نهایه العصر الخزنوی ، 2 .

دوای ئەوەی شێوەی بەکارهێنانی وشەی نەورۆزمان لای میللەتانی جۆراوجۆر خستەروو، لە خوارلەوە، واتای وشەی نەورۆز وەکو بۆنەو جەژن دیسان لای ئەو میللەتانە دەخەینەروو. یا دەکرێت بلێین نەورۆز وەکو رووداو دیاریدەکەین.

لای فارسەکان: نەورۆز رۆژی بوونی جەمشیدە بە پاشای ئێرانی کۆن. کە راستییەکان ولأتی ئاریا زەمینە، چونکە وشەی ئێران بەکارهێنانی زۆر درەنگترە لەو رووداوەو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و پێشتر ئاریانا بووە یا ئاریان واچ ،ئاریان ڤاچ .ئێریان ڤاچ[1].

لای کورد رۆژی رزگاربوونیانە لە دەستی ستەم ئەژدەهاك بە دەستی کاوەی ئاسنگەر.

میسرییەکان سەرەتای وەرزی هێو لافاوی نیلە کە رادەی ئاوی نیل زیاد دەکات. لای قبتییەکان بەندە بە رووداوی شەهیدەکانی قبتییەوە کە بە دەستی رۆمان کوژراون. وشەکە لە زمانی عەرەبیدا بە تایبەتی بە هۆی یادکردنەوەیدا یا لە یادکردنەوەیدا کراوەتە فرمانیش واتە فرمانی لێوە پێکهاتووە، کاتێك کەل رێوەرەسمی یادکردنەوەیدا شیرینی پێشکەشکراوە واتە وشەکە بەرەو فراوانی هاتووە وتویانە (نەورەزە — نورز).

واتا چووینە ناو نەورۆزەوە، فرمانە داخوازییەکەیشی کراوەتە (نیرز- نەیرەز) واتە لە نەورۆزدا نەورۆزیکە یادیبکەنەوە.ئەمەش لە سەرەتای رۆژگاری خەلافەتی ئیمام عەلیدا کراوە[2].

محەمەد ئەمین رەشید لە نامەی ماستەرەکەیدا کە بە ناونیشانی (نوروز في الادب الفارسی حتی نهایه العصر الخزنوی)دا دەلێت لە بۆنەی نەورۆزدا، د. حسین مەحفور وازەندەکات لە کۆتایی سێیەکی یەکەمی سەدەی کۆچیدا، لە ئاداری سالی 655ز دا رویداوە، لەو بۆنەیە نەعمان کوڕی

مزرەبان باپیری باوکی حەنیفە کە ناوبراوە بە رێبەری مەزن (الامام الاعظم) حەلوای (پالودە)ی پێشکەشی رێبەری کردووە[3]. رێبەر وتوێتی ئەمە چییە؟ پێیان وتوە ئەمە شیرین و حەلوای نەورۆز، لە وەلأمدا ئیمام عەلی وتوێتی نیروزنا کل یوم، واتە هەموو رۆژێك با نەورۆز بێت[4].

لە ئەسیوبیا نەورۆز جەژنی سەری سالە، یا جەژنی شەهیدانە یا جەژنی نەورۆزە، لە ئۆغندا پێ دەوترێ ئیستا (ایستا)[5].

هەروەها نەورۆز لە ئێران لە سەردەمی جەمشیدا هەلدانی دوروگەوهەر بە سەر جەمشیدا بووە، بەم رۆژە وتراوە رۆژی تازە.

---

[1] عەبدولعەزیم رەزایی: 43.

[2] المعجم الوسيط/2 ، القاهرة، 1961، فؤاد الصياد، النوروز واثره في ادب العربي، حاشية (1)، ص13، دار الاحد البحيرى، اخوان بيروت، 1972.

[3] حسين محفوظ، النوروز في الادب العربي، مجلة كلية الاداب عدد (9)، 1961.

[4] فيروز ابادى، القاموس المحيط، ج1، ص 194، (ن ر ز) تاج العروس، ج4، ص 85.

[5] محمد امين رشيد:9. برِوانە: صحيفة الاخبار المصرية، العدد 714، مايو -1975.

سەرەتای ساڵی تازە ڕۆژی هورمز لە مانگی فەروە، دین کە تیایدا لەش (جەستە) ئارام و چاندەدات (ئیسترِاحەدەكات) و لە هیلاكی و ماندووین و دڵ پاكدەبێتەوە لە رك و كینە[1].

## نەورۆز ژیانەوەیە

ئەگەر بە گشتی سەرنجی واتای نەورۆز بدرێت و، لە لایەنە جیاوازەكانیەوە رابمێنین. نەورۆز وەرچەرخانێكی گەورەیە، لە ژیانی مرۆڤی ئاریا زەمیندا روویداوە. ژیانێكی نوێی بۆ خەڵكی سەردەمی دێرینی خۆی بەرپاكردووە. دەكرێت بەم رۆژە بوترێت سەرەتای ژیانی نوێ، ژیانێكی رێكخراو، بەو شێوەیەی كە ژیان بۆ یەكەمجار بە سیستەم كراوە. ئەمەش بە سەرەتای ژیانی شارستانییەت دادەنرێت. لە بەر ئەوەی هەموو شتێك لەو ژیانەدا نوێ بووە. مرۆڤ لە سایەی ئەو رۆژە نوێیە، كە نەورۆزە، خۆشحاڵ بووە، شێوازی ژیانی بەرەو ئاسانبوون گۆڕاوە. قورسایی ژیانی، باری گرانی سوكبۆتەوە. بۆیە نەورۆز ژیانەوەیە. ئەم ژیانەوەیە دەكرێت بەم شێوەیە باسبكرێت، كە لە راستییەوە سەریهەڵداوە.

نەورۆز .. كۆتایی سەرەتای ترە. سەرەتایەك، كە لە كاتی سەرەتاوە، روو لە كۆتاییە، بۆ سەرەتای تر. نەورۆز جەژنی گونجانە لە گەڵ سروشتدا، نەورۆز سوڕی ساڵ، گەیشتن بەوەی ساڵی نوێیەو بە دێهێنانی سنوری نیوان ساڵێك كە كۆتایی هاتووە و ساڵێكە لە پێشدایە، گەورەترین جەژنی نامەزەبی ئارياییە[2].

نەورۆز گەیشتن بە یەكەمین رۆژێكە، كە تیایدا درێی شەووورۆژ لە سەرەتای بەهاردا واتە (گۆڕانی وەرزی) بەرانبەر و وەكو یەكە و نەورۆز ناونراوە. شوانەكان لە نەورۆزدا لەگەڵ ئاژەڵەكانی خۆیان و وەرزێرەكان بە چاندنی كێڵگەو ئاودانی زەویەكانیاندانەوە خەریكن.

نەورۆز رۆژێكی ئاسایی نییە و جیاوازە لە ئاسایی، ڕۆژی تایبەتی ساڵە، نەورۆز بە ناوی جەژنی جۆراوجۆرەوە قەبوڵكراوە واتە بە شێوەی جۆراوجۆر یاد دەكرێتەوە. نەورۆز كاتی تەواوبوونی زیارەكردنە لە كارێكی هەروەزیدا، لە رۆژی كۆتاییدا ئاژەڵ سەردەبڕن و خوانێكی تایبەت بەو بۆنەیەوە ئامادە دەكریج واتە بەمەبەستی خۆش تەواوبوونی كارەكە. لە لادێ، لە لای جوتیار و وەرزێرەكاندا، رۆژی مەبڕینەوە، رۆژی كۆتایی ئیش و كاری خەلەو خەرمان، نەورۆز واتە رۆژێكی خۆش و ئاراو و ئاسوودەو رەحەتییە، كە كۆتایی وەرزیكە و دواتریش وەرزێكی تر دەسپێدەكات، كاتی تەواوبوونی شەرتە شوانی واتە شوانێك وەرزی شوانێكەی تەواو دەبێت، رۆژێكی خۆشە بۆ ئەوان، هەروەها بۆ سەپان و وەرزێر لە دوای تەواوكردنی وەرزی سەپانی و شوانی هەقی خۆیان وەردەگرن.

نەورۆز رۆژی رزگاری و سەرفرازییە، رزگاری لە ستەمی ستەمكاران و خوێنرێژان. رۆژی دادپەروەری و ئازادی و یەكسانییە، رۆژی كۆتایبوونی ژیانی ناخۆش و دەردەسەرییە، رۆژی بوژانەوەو سەردەمێكی نوێیە، بوژانەوەی ژیانی

---

[1] محمد امين رشيد:6.

[2] دكتر پرويز رجبي ، جشنهاى ايران: 28 .

مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەرەکانیانە، رۆژی بوژانەوەی سروشتە، دارو دەوەن و کێڵگەکان، سەر لە نویٚ دەژێنەوە، چرۆ دەردەکەن، سەرتاپای زەمین کراسێکی سەوزی رەنگاورەنگ دەپۆشێت و بە گوڵ و گوڵزاری جۆراوجۆر، سەوزو شینی و مۆر دەرازێتەوە.

بۆیە نەورۆز ژیانەوەیە، بوژانەوەیە، بۆ مرۆڤ و گیانلەبەرو سروشت، واتە نەورۆز نوێبوونەوەی ژیانە، رۆژێکی نوێیە، دەسپێکردنی سەردەمێکی تازەو وەرچەرخانی ژیانە. نەورۆز ژیان و شارستانیەتە، لە هەواری باوباپیرانی ئاریا زەمین و کوردەوە سەریهەڵداوە. لە بەر ئەوەی:

مژدەی ژیانێکی نوێی بەخشیووە،

## له كوێ نەورۆز یاد دەكرێتەوە؟

نەورۆز وەكو رۆژێكی پیرۆز و رووداوێكی مێژوویی مەزن جێگای بایەخی گەلانی رۆژهەڵات بووە، چونكە هەروەكو وتمان رزگاربوونە لە ستەمكاری و ناخۆشی، رۆژی سەكەوتن و سەرفرازی و خێروخۆشییە. بۆیە بۆتە جێگای بایەخپێدان لای زۆری میللەتانی رۆهەڵات بە تایبەتی لای نەتەوەكانی ئاری رەگەز وەكو كورد لە كوردستان، لە ئێران، عێراق، هیندستان، ئەفغانستان، ئازربیجان، ئەرمەنستان، هەروەها لە وڵاتە عەرەبیەكان میسر، ئەسیوبیان، سودان و لوبنانیش یادكراوەتەوە[1].

لە ناو هەموو میللەتانی رۆژهەڵاتدا، نەورۆز زیاتر بە پێ رووداوی مێژوویی بەندە بە كوردەوە، چونكە كۆتایی نەهامەتی كورد لە كوشتن وبرین كە بە سەر كوردو لاوەكانیدا هاتووە، لە نەورۆزدابووە، دواتر بە درێژی ئەمە باسدەكەین.

## جۆرەكانی نەورۆز

نەورۆز وەكو رۆژێمی مێژوویی، جۆراوجۆرە، رووداوی نەورۆز، بۆنەی نەورۆز و مێژووەكەی وەكو بابەتێك بەندە بە لایەنی ئایینی و مێژوویی و ئەفسانەیی، نەورۆزی جوگرافی و سروشتی و نەورۆزی سیاسی و ئابووری، نەورۆزی وەكو لایەنی نەتەوەیی، لێرەدا بە پێ سەرچاوەكان و ئەو زانیارییانەی هەیە، ئەو جۆرانە دەخەینە روو، تیشك دەخەینە سەریان. جۆرەكانی ئەمانەن:

1- سەرەتای نەورۆز: سەرەتای نەورۆز بە نەورۆزی گشتی و تایبەتی كە رووی ئاینی گرتۆتە خۆی دەخەینە روو. لەم رووەوە نەورۆز گشتی و تایبەتی هەیە كە لێرەدا روونی دەكەینەوە.

**نەورۆزی گشتی:** رۆژی یەكەم فەروەودین،نەورۆزی گشتی یا نەورۆزی بچوك. رۆژی شەشەمی فەروەودین رۆژی نەورۆزی گەورە و رۆژی لە دایكبوونی زەردەشت و ئاو ڕشاندن یا خوردادی ساڵ و ناوەكانی تر[2]. ئەم نەورۆزە لە بنچینەیەكی ئاینییەوە، سەریهەڵداوە لە یەكەم رۆژی مانگی فەرەوەردیندا كە تیشكی رۆژی دەگاتە یەكەم خاڵی كەلوی بەرخەوە (برج الجمل) لەم رۆژەدا بەهار دەستپێدەكات پەروەردەگاری مەزن لەو رۆژەدا بوەرەكان (كائنات) و ئادەمی دروستكردووە[3]. ئەمە رۆژێكی نوێ بووە، بۆیە پێیان رۆژێكی نوێ، جەمشیدیش لەو رۆژەدا چۆتە ئازربایجان و سەیری جیهانی كردووە. داوای لە خەڵكەكەی كردووە تەختێكی جوانی بۆ بڕازێننەوە. لە جوانیدا تەختەكە بە

---

[1] محمد امین رشید:5.

[2] هاشم رضی، جشنهای گاهنبارو فرودوگ، انتشاراتی بهجت، مجموعه پژوهشای ایران شناسی، شماره (27)، تهران، 1389: 159.

[3] د. جواد برومند سعید، نوروز جمشید، تهران، انتشارات توس (493)، چاپ دوم، 1388، ص 34.

هۆی دوروگەو هەرەوە لە دوورەوە تیشکی داوەتەوە، جەمشید کە خۆی ناوی (جەم) بووە پێشتر لەم تیشکدانەوەیە ناوەکەی بۆتە جەمشید وەکو وشەی خورشید، کە واتای تیشکدانەوەی رۆژوخۆر دەگەیەنێت. وشەکە لە (جەم) و (شید) واتە تیشکی چەم و تیشکی خۆر و رۆژ دێت.

ئیتر لەم رۆژەدا جەمشید تاجی شایی دەپۆشێت و بەو بۆنەیەوە واتە لە یادی دروستکردنی بوەرەکان و پۆشینی تاجی شایی جەمشیدا وتویانە رۆژێکی نوێیەو پێیان وتووە نەورۆز[1]. واتە رۆژێکی نوێ. ئەم رۆژەش لە مێژوودا رۆژێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو وەرچەرخانێکی گرنگ و نوێ بووە، کە پێشتر رۆژی وا نەبووە.

جەمشید لەم رۆژەدا فەرمانیداوەتە خەڵك خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو یادە بکەنە ئاهەنگ و جەژن و خۆشی، جلی جوانیان لە بەر کردووە، وڵات بە شێوەیەکی جوان رازێنراوەتەوە. ئەمە نەورۆزی گشتییە.

**نەورۆزی تایبەتی:** نەورۆزێکە تایبەتکراوە بە یادکردنەوەی نەورۆزی گشتی یا نەورۆزی گەورە یا نەورۆزی تایبەتی، تایبەت بەخۆی کراوە لە یادکردنەوەی نەورۆزە گشتیەکەدا. لەم رۆژەدا جەمشید داوای لە خەڵکەکەی کردووە کە کۆببنەوە، ئەم رۆژە دەکاتە رۆژی (خورداد) واتە رۆژی شەشەمی مانگی فەروەردین کە نەورۆزی گشتییە لە راستیدا هەمان نەورۆزی جەمشید بووە، تایبەت بە رەعیەت و خەڵکی تایبەتمەندی هەبوو[2]. بە خەڵکی وتووە خوا ئێوەی دروستکردووە. پێویستە سوپاسی خوا بکەن، جلی جوان لە بەر بکەن و خۆتان بشۆن و ئەم رۆژە رۆژێکی پیرۆزە، رۆژێکی نوێیە. نەورۆزی تایبەتی بریتییە لە یادکردنەوەی نەورۆزی گشتی لەلایەن جەمشیدەوە فەرمانی یادکردنەوەی دراوە.

هەر لەم رۆژەدا بەو بۆنەیەوە جەمشید پاشا چەندین کردەوەی چاکی راگەیاندووەو کردووە. وەکو ماڵ دروستکردن، حەمام (گەرماو) دروستکردن، لەم رۆژەدا جەمشید حەکیم و زانای هێناوە، خەڵکی فێری رشتن و چنینی کردووە، تا بتوانن جل بۆ خۆیان دروستبکەن. بە خەڵکی وتووە کە ژێر زەوی کانزای بە سوود هەیە و بە کار بهێنن. خەڵکەکە لە ژیانی نارێك و ناخۆشی رزگارکردووە. بۆیە لەو رۆژەدا خەڵك ئاهەنگی خۆشیان گێڕاوە وتویانە ئەم رۆژە، رۆژێکی نوێیە، واتە نەورۆزە.

نەورۆزی ئایینی بناغەیەکی تریشی هەیە، گوایە جەمشید لە رۆژئاوای ئێران چۆتە سەر پردی (جینود) لەوێ ئەهریمەن (شەیتان)ی بەندکردووە، خەڵکی بەندرکراوی ئازاد کردووە[3]. ئیتر بەم رۆژەیان وتووە، رۆژێکی نوێیە، نەورۆزە. خەڵکی دیسان بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ و خۆشییان سازداوە. هەرچەندە دواتر جەمشید وردە وردە لە خۆی باییدەبێت و دواتر داوای خوایەتی دەکات و دەڵێت من خوام. پاشان لەمەوە ئەژدەهاکی بۆ نازڵدەبێت و بە شمشێر شەقی دەکات و دەیکوژێت.

---

[1] محمد حسين بن خلف تبريزى، متخلص ببرهان – فرهنگ برهان قاطع، جلد چهارم: 187.

[2] د. جواد برومند سعيد: 34.

[3] د. کامل بەسیر، گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی، ژمارە (1) زانکۆی سلێمانی 1971.

## نەورۆزی سروشتی

جەژنی سەری ساڵ لای گەلانی ئاری ڕەگەز لە زۆر کۆندا سەرچاوەو بنچینەیەکی سروشتی هەیە. ئارییەکان لە بنچینەدا هەروەکو وترا دوو جەژنی هەبووە، یەکێك لەو دوو جەژنە مەزن و گەورەیە جەژنی سەری ساڵ بووە، کە لە گۆڕانی سروشتییەوە سەرچاوەی گرتووە.

لە وڵاتی میللەتانی ئاری لە سەردەمی دێریندا، سروشت بە دوو وەرزدا تێپەڕیوە. ئەویش وەرزی سەرماو گەرمای زستان و هاوین بووە. واتە لە ساڵێکدا کە دوانزە مانگ هەبووە. وەرزی زستان بە هۆی بەردەوامی بەفرو سەهۆڵبەندانەوە درێژەی کێشاوە، سەرماو بەفر مانەوەی زۆری خایاندووە، ماوەکەی دە مانگی خایاندووە، ئەمجا بەفر تواوەتەوە، تینی سەرما شکاوە. هاوینیش کورت بووە بە هۆی درێژی وەرزی زستانەوە، کە پێش هاوین کەوتووە. دوو مانگی خایاندووە[1]. دواتر سەرما دەستی پێکردۆتەوە.

لە وەرزی یەکەمدا کە زستان دە مانگ بووە، خەڵکی ئەو ماوە دوورودرێژە هەر لە ژوورەوە بوونە، دوور لە تیشکی هەتاو، سەرماو سۆڵەی زۆر، قات و قڕی، بە هۆی بێکاری لەو ماوەیەدا، کە بواریان نەبووە کار بکەن و بەرهەمیان هەبێت. ژیانیان زۆر بە نارەحەتی و زەحمەت چۆتە سەر چ بۆ خۆیان و چ بۆ ئاژەڵەکانیان، توشی نەداری بوونە.

کاتێك سروشت، بەرەو کۆتایی وەرزی سەرما هەنگاوی ناوە، کەشو وئاووهەوا خۆشبووە، زستان نەماوەو کۆتایی هاتووە. تیشکی ڕۆژ دەرچووە و دنیا گەرمبووە، سروشت ژیاوەتەوە، دنیا سەوزی پۆشیوە، گیاو گوڵ دەرچووە، دارودەوەن ژیاوەتەوە، واتە هەموو شتێك گۆڕاوە بەرەو خۆشی چووە. خەڵك لە ژوورەوە دەرچووە، بەرەو باوەشی سروشت چوونە، بەروبووم پەیدابووە، بژێوی ژیان بە هۆی هاتنی وەرزی هاوین و کۆتایی زستانەوە گۆڕاوە، بەرەو پاش چووە.

خەڵك بەم ڕۆژەیان، کە کۆتایی وەرزی زستان و گۆڕانی سروشتی ڕوویداوە، کە لە هاتنی وەزی نوێدا خۆی نواندووە، کە وەرزی هاوینە و دواتر بۆتە بەهار خۆیان و ئاژەڵەکانیان سەر لە نوێ ژیاونەتەوە، لەم ڕۆژەدا شەو ورۆژیش هاوکات بەرانبەر دەبن[2]. لەسەرەتای بەهاردا گەرماو سەرماش وەکو یەکن. بەم ڕۆژەیان وتوە، ڕۆژێکی نوێیە، نەورۆز. لەو ڕۆژەدا،کردوویانە بە جەژن و ئاهەنگ و خۆشی، چوونەتە باوەشی سروشت و خۆیان بە جل و

[1] فرهەنگی برهان قاطع ، ص: 2187. هەروەها عەبدولعەزیم رەزایی: 155، هێمای کردووە بۆ زستان حەوت مانگ و هاوینیش پێنج مانگ.

[2] د. پرویز رجبی: 27.

.

بەرگی جوان و ئالاّ و والاّوە گۆڕیوە، بە شێوەیەکی پۆشتەو پەرداخ، پێشوازییان لەو گۆڕانە سروشتیەو ڕۆژە نوێیەکردووە، و کردوویانەتە جەژن، واتە جەژنی سەری ساڵی نوێ، واتە نەورۆز ڕۆژێکی نوێ.

لەم وەرزەدا خەڵك ئاژەڵ و مەڕو ماڵاّتیان لە ئاغەڵاّن (هۆڵ) دەرکردووە، رویان کردۆتە لەوەڕگاو پاوەندەکانی ناو سروشتی بەهارو هاوین، تێریان خواردووە. خەڵك هەر لەم وەرزەدا، تیشوی ژیانی واتە خۆراکی، بۆ وەرزی قات و قڕی، کە زستانی دوای ئەم وەرزەیە دابینکردووە. دیسان بەم بۆنەیەوە، لە کۆتایی وەرزەکەشدا کە کۆتایی هاوین و هاتنی زستانە کردوویانەتە جەژن و خۆشی، چونکە خۆیان ئامادە کردووە بۆی.

هاوینیش کورتبووە دوو مانگ درێژەی کێشاوە. دیسان بە هۆی دابینکردنی تیشوی ژیانەوە لەم وەرزەدا بۆ وەرزی زستانی بێ کارو بێ بەرهەم، ئاهەنگیان گێڕاوە، وتویانە ئەمڕۆ ڕۆژێکی نوێیە، نەورۆزە.

نەورۆزی سروشتی لە وڵاتی میللەتانی ئاری رەگەزدا، لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی سەردەمی سەهۆڵبەندانی پلاستۆسینی (العصر الجلیدی) ڕوویداوە. کە ماوەیەکی زۆری دەوری پێنج سەد

ساڵ زیاتر خایاندووە، بە چوار ماوەدا تێپەڕیوە، هەر ماوەیەکی لە سەدو پەنجا ساڵەوە تا دوو سەد ساڵ و زیاتر و بگرە تا سێسەد ساڵ تا گەتیشتۆتە پێنج سال خایاندوێتی و درێژەی کێشاوە. لە کۆتایی ئەم سەردەمە سەهۆڵبەندانەدا، کە لە ئەنجامی گۆڕانی سروشتیەوە ڕوویداوە، کراوەتە جەژن و پێیان وتوە ڕۆژێکی نوێ، نەورۆز. کە سوڕی ساڵ سەرەتای سەری ساڵی نوێیە[1]. واتە ڕۆژی یەکەمی ساڵی نوێیە. ئەم نەورۆز و ڕۆژە بەندە بە دەورو زەمانەی میللەتانی ئاریایی رەگەزەوە[2]. گەورەترین جەژنی نامەزەبی گەلانی ئاریە[3].

## نەورۆزی ئاینی : (نەورۆزی گیانی پیرۆز)

دەکرێت بڵێین نەورۆز بە گشتی و نەورۆزی ئایینی بە تایبەتی تا بڵێ ئاڵۆزە و چڕوپڕە، زیاتر لە باس و خواستێك دەگرێتە خۆی. وەك نەورۆز لە رووی ئایینە گشتییەکەوە، کە بەندە بەو ڕۆژەی کە خوای پەروەردەگار (بووەرو ئادەم)ی دروستکردووە لەو ڕۆژەدا کراوەتە نەورۆز. ئەمە وەکو باری فەلسەفەی ئایین. هەرچی نەورۆزە لە رووی ئایینییەوە بارێکی تایبەتی هەیە. ئەویش ئەوەیە:

نەورۆز لە رووی ئایینی گەلانی ئاری رەگەوەوە، کە یەکێك لەو ئایینانە، ئایینی میترایيە (میپرا)، نەورۆز بەندە پێوەی، خواوەندی ڕۆژ واتە میترا لەگەڵ ئەهریمەندا (خوای شەڕ) دەکەوێتە کێشەوە، کێشەکە لە نێوانیاندا چەند ڕۆژێك دەخایەنێت و، لە ڕۆژی دوای 21 دیسەمبەر واتە مانگی دوانزە دەسپێدەکات لە ڕۆژی 23 دیسەمبەردا،

---

1 حیلمی عەلی شەریف:11.

[2] دکتر پرویز رجبی:27.

[3] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

کێشەکە دەگاتە لوتکەو، لە رۆژی 24 هەمان مانگدا خواوەندی رۆژ (میترا) لە بەرچاو وندەبێت و، خەڵکبەم بارودۆخەی لە بەرچاو ونبونی میترا، زۆر دلگران دەبن، نیگەرانی وەرستیان دەکات، چونکە میترا لە لای ئاریایی رەگەز زۆر پیرۆزەو ئێستاش وێنەی رۆژ بە هاوپیرۆزی و گرنگی خۆی لە دەسنەداوە و چۆتە ناو ئایینەکانییەوە.

ئیتر حاڵەتی میترا، دەگاتە ئەوەی لە رۆژی 25 دیسەمبەردا، خواوەندی رۆژ هەڵدەکشێت بۆ ئاسمانی بەرزو، لە دەس ئەهریمەن رزگاری دەبێت و گیانی پیرۆزی دەپارێزرێت و نەمر دەبێت. دوای ئەم رزگاربوونەی میترا خەڵکی ئاریایی بەو بۆنەیەوە دەیکەنە ئاهەنگ و جەژن و شادی و خۆشی دەردەبرِن.

بەو رۆژە دەڵێن رۆژێکی نوێیە، نەورۆزە و پیرۆزە. هەر لەو بۆنەیەدا نانێکی رەق (پارچە نانێکی وشك) لە ئاو تەرِ دەکەن و دەیخۆن. دەکرێت بەم نەورۆزە بوترێ (نەورۆزی گیانی پیرۆز).

## یەکەم نەورۆز لای کێ؟

کەسرەوی دەڵێت یەکەم داهێنەری نەورۆز کیاخسرو (کەئەخسار) کورِی ئەبووز جیهانە. واتە کەسرەوی بۆتە هۆی روودانی ئەم رۆژە نوێیە، لە مێژوودا، کە نەورۆزە.

کەیئەخسار گوایە لەم رۆژەدا ماڵی پاشاو مەلیکەکانی دامەزراندووە، زێرو زیوو گۆگردی دەرهێناوە، لە ئاسن ئامێری تایبەت بە ولآجنی دروستکردووە، کۆشکی ئاوا کردووە، کارگەی داناوە[1]. نەورۆز واتاو رامانێکی گەورە دەگەیەنێت، ئەم واتایە بەندە بە مێژوویی روودانی بۆنەی نەورۆزەوە، بەوەی لەو رۆژەدا، ئاخۆ چی کراوە، چی روویداوە، چ داهات و داهێنان و شتی تازە و نوێ هاتۆتە کایەوەو بۆتە مایەی خۆشی و گەشی و بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ و جەژنیان گێراوەو بە درێژایی مێژوو یاد دەکرێتەوە و تازەبوونەوەو نوێبوونەوەی ژیانی بۆ گەلانی ئاری رەگەز گرتۆتە خۆی.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت لە نەورۆزدا کەیخسرەو دنیای داگیرکرد و دەوروبەری ئێران شەهری، کە زەوی بابل ئاوەدانکردەوە و نەورۆز سەرەتای جێگیربوونی توانای ئەوبوو. دیاکۆنۆف ولاّتی (ئەژی – دێهاك) بە بابا داناوە[2].

نەورۆز یەکەم رۆژە، کە موڵکی دنیا دانراوەو ئەم هۆیانەی لە بەردەستا بوو. لە سوننەتی زەردەشتییەکاندا، کە بە جەژنی کەیخوسرەوشا ناونراوە، ئەم جەژنە لەم رۆژگارەدا و بەو ناوو رێورەسمەوە نەماوە و فەرامۆشکراوە و تەنیا بە شێوەی سەرزاری باسدەکرێت. لە پەیامی مانگی فەروەردیندا رۆژی خورداد گواستراتۆتە وەو لەم رۆژەدا

---

1 ریوایەتی الجاحف ابو عیمان عمرو بن، المحاسن و الاضداد، – بۆ ئەمە برِوانە محمد امین رشید: 13.

[2] د. جزاد برومند سعید: 192، هەروەها دیاکۆنۆف، میدیا، وەرگێرِ برهان قانع: 638. ئێران شەهر: راستێکەی ئاریا زەمینە، زاراوەیەکی کۆنی ناوی ولآتی ئارییەکانە، ئێران زۆر دواتر وەکو ناوێك پەیدابووە، سۆمەری و گوتییەکان لە بابل دەسەلآتیان هەبووە لە سەدەی (4) پ – زدا شارستانیەتی سۆمەر و گوتییەکان لەوێ دامەزراوە، ێرافی کۆن (حیرە)ی لێ دەرچێ شوێنی پێشینانی کورد بووە.

**گوایە ئافراسیاو بە کینەی خواستی باوکی سیاوەش دەکوژرێت و، هەر لەم رۆژەدا بەهەشت فراوانبۆتەوە. لە شانامەدا ئەم رۆژە بە لە دایکبوونی کەیخەسرەو هێماکراوە[1].**

**نەورۆز رووداو نەورۆز یا بۆنەو بابەتی نەورۆز بە هۆی کۆنی مێژووییەکەیەوە ئاوێتە باسو خواسێکی زۆر بووە، پێویستی بە روونکردنەوەی مێژوویی و بەڵگەیی و زانستی هەیە، تیشک بخرێتە سەریان و راستی رووداو دیارو دەسنیشانکرێت.**

**یەکێك لەو بابەتانە، نەورۆز لە سەرچاوەکاندا، بە نەورۆزی بەهاری نەمری (اسگوره الربیع الخالد) ناوبراوە.**

## ئەفسانەی بەهاری نەمری

**نەورۆزی بەهاری نەمری، یا داستانی بەهاری نەمری[2]، وەکو جەژنێك لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە، زۆر کۆنتر لە پێش ئیسلامەوە، بەم ناوەوە ناوی دەرکردووە ئاهەنگی بۆ گێڕاوە. دەوترێت جەمشید پاشای ئەفسانەیی ئێران، ئەم جەژنەی داهێناوە و داناوە[3]. پێدەچێت ئەم بۆچوونە لایەنی زانستی تێدا بێت، چونکە زۆربەی باسی مێژوویی نەورۆز وەکو رۆژێکی نوێ و سەردەمێکی نوێ لە وڵاتی ئاریان زەمیندا ئاوێتەی پاشایەتی جەمشید کراوە. نابێت ئەوەش لە بیر بچێت، لێرەدا جەمشید گوایە، بۆ یەکەمجار فەرمانیداوە بە خەڵك بە بۆنەی نەورۆزەوە، کە خوا لەو رۆژەدا (بووەرو ئادەم)ی دروستکردووە بیکەنە جەژن و خۆشی و شادی دەربڕین و هەر لەو رۆژەدا جەمشید سەری جیهانی کردووەو گەیشتۆتە ئازربایجان و لەوێدا واتە لە رۆژئاوای ئاریا زەمین کە وڵاتی کوردەو رۆژهەڵاتی کوردستان لای ئێرانەوە دەگرێتەوە، تاجی پاشایەتی لە سەر ناوەو هەر لەو رۆژەشدا کۆمەڵێك کردەوەی چاك و چاکسازی لە وڵاتدا بەرپاکردووە[4].**

**ئەمە بێجگە لەوەی ژیانی خەڵکی لە و قات و قڕی و ناگوزەرانیەوە رێکخستووەو سیستەمێکی نوێ ژیانی داهێناوە[5]، بۆیە لەگەڵ نەورۆزدا ناوی جەمشیدیش دەگرێتە خۆی.**

**ئەم نەورۆزی بەهاری نەمرییە وەکو ئەفسانە بەهاری نەمریش باسکراوە، لای ئێزدییەکانیش جەژنی سەری ساڵەو ئاهەنگی بۆ دەگێڕن و داب و نەریت و عورفی پیرۆزی زۆری گرتۆتە خۆی و لایان پارێزراوە[6].**

---

(1) هاشم رضی: 160.

2 ج. فیدن کرن، عادات و مذاهب ایران، باریس، 1968، ص58-67، بۆ ئەمە بڕوانە : مجموعة من المستشرفین العرب، الکورد في دائرة المعارف الاسلامیة، ترجمة: حمید ریبوار، منشورات (56) رابطة کاوه، 1999: 122.

3 الکورد في دائرة المعارف الاسلامیة:122.

4 د. جواد برومند سعید، 34

5 حیلمي عەلي شەریف:10.

6 الکورد في دائرة المعارف الاسلامیة: 261.

## نەورۆزی سیاسی و ئابووری

هەروەکو دیارە نەورۆز ئاوێتەی بابەت و رووداوی جیاوازە، ئاواش جۆرەکانی ئاوێتەی یەکتر بوونە. لە رۆژی شەشەمی مانگی فەروەردین کە رۆژی (خورداد)ەز جەمشید چۆتە سەر تەخت و خەڵکی نزیك لە خۆی کۆکردۆتەوە، رەفتارو کردەوەی چاکی راگەیاندووە. بە خەڵکەکەی وتووە خوای پەروەردەگار ئێوەی دروستکردووە. دەبێت سوپاسی بکەن، دەبێت خۆتان پاك وتەمیز رابگرن و بە ئاوی پاك خۆتان بشۆن و خۆتان پاکبکەنەوەو، بۆ یەزدان سەری رێزو نەوازش دا بنوێنن و بە چۆکا بێن و ساڵانە لەو رۆژەدا ئەم یادە پیرۆزە رابگرن و هەمان رەفتار بکەن[1].

فێری رستن و چنین ببن، حەکیم و زانای بۆ چاکردنی نەخۆشیەکان هێناوە، جلوبەرگ دروستبکەن، ماڵتان هەبێت، گەرماوی خۆشۆرین دروستبکەن. سوود لە کانزای ژێر زەوی وەربگرن، پەلەوەر بەهێوبکەن، کەشتی دروستبکەن، خەزینەدانان و پڕکردنی خەزێنە، ئاوەدانکردنەوەی زەوی، پاراستنیخەڵك و زیندەوەر، بلاْوکردنەوەی دادپەروەری و بەخشێن و خێرکردن و مراندنی شەڕ[2].

ئەم حاڵەتەی جەمشید وەرچەرخانێکی مێژوویی بووە، سەرەتای رۆژگارێکی نوێ بووە، بریتی بووە لە دامەزراندنی دەوڵەت، ژیانی خەڵك رێکخراوە، گوزەرانیان گۆڕاوە، سیستەمێکی نوێی ژیان دامەزراوە. لێرەدا نەورۆز رامانی گەورە دەنوێنێ کە بریتییە لە:

1- دامەزراندنی دەوڵەت بۆ یەکەمجار لە مێژوودا.

2- ژیانی خەڵك لە ژیانێکی نارێك و بێ یاسایی و و ناجێگیربوونە، رێکخراوەو جێگیربوونە. واتە لە ناجێگیربوونەوە بۆ جێگیربوون.

3- باری ئابووری تەواو گۆڕاوەو دەروازەیەکی نوێ ژیانی خۆشگوزەرانی رووی لە خەڵك کردووە.

4- یاسا بەرپاکراوە.

5- خەڵك بەرەو ژیانێکی نوێ بە ئاگاهێنراوە.

بەم رۆژەیان وتووە رۆژێکی نوی، نەورۆز کە پێشتر، نەورۆژ نەتەوەی ژیانی بەمجۆرەیان هەبووە ونە دیویانیشە. نەورۆزی سیاسی دوو بنەمای هەبووە لە ئایینییەوە بۆتە سیاسی و ، پاشان باری ئابووریشی گرتۆتە خۆی. کەواتە نەورۆز سەرەتای ژیانی شارستانیەتە، لە نەورۆزدا، دەوڵەت دامەزراوە، باری ئابووری و گوزەرانی تەواوی خەڵکی وڵات ئاریا زەمین گۆڕاوە بەرەو باشی و ژیانێکی نوێ. بۆیە نەورۆز واتای نوێبوونەوەی ژیانی خەڵك و سروشتە.

ئەم تایبەتێیانەی، کە لە نەورۆزی سیاسی و ئابوریدا هەیە، کە ژیانی مرۆڤی وڵاتی ئاریا زەمینی ئەوسای، لە ژیانێکی زۆر سەرەتاییەوە، کە مرۆڤ وەکو ئاژەڵ دەژیا، ژیانێك نارێك و بەرەلایی و ڤات و ڤرِی گرتبووە خۆی بەرەو ژیانێکی رێکوپێك و رێکخراوو سیستەمدار گۆڕی. کە بریتی بوو لە چاکبوونی گوزەرانی مرۆڤ و گۆڕانی شێوازی

---

1 حیلمي عەلي شەریف:10، هەروەها د. جواد برومند سعید: 201.

2 حکیم عمر خیام نیشابوری، نوروزنامە، تصحیح استاد مجتبی مینوی، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران 1385: 8-9.

ژیانی سەردەمەکە، کە شایستەی مرۆڤ بێت. ئەم حاڵەتە و بوونی تایبەتێییەکانی کە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی، لە ژیانی مرۆڤی گەلانی ئاری رەگەز بەرپاکرد. بە سەرەتای ژیانی شارستانیەت دادەنرێت، بۆیە دەکرێت بە شێوەیەکی زانستی و، بە پێی ئەو زانیارییانەی، کە لە ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمەدا بە هۆی رووداوی نەورۆزەوە هاتە کایەوە، نەورۆز سەرەتای ژیانی شارستانییەتەو شارستانییەتیش بۆ یەکەمجار لە وڵاتی ئاریا زەمین و کوردستانەوە دەسپێدەکات.

بۆیە کورد بە تایبەتی و گەلانی ئاری رەگەز بە گشتی خاوەندی یەکەم شارستانیەتە لە سەر زەمینی فراوانی مرۆڤایەتیدا. دیارترین زانیاری کە لە وڵاتی – کوردی ئاریا زەمینەوە داهێنرابێت و خرابێت و خرابێتە خزمەتی مرۆڤ و فێربوونی کشتوکاڵییەوە، دروستکردنی ئامێرو ئامرازی چاندنە، داهێنانی نووسینە لە لایەن سۆمەرییەکانی پێشینانی کوردەوە[1]، جێگربوونی مرۆڤە لە ناو خانوو ماڵدا، کە پێشتر وەکو ئاژەڵ لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان، داهێنانی یاسای رێکخستنی ژیانە، لە لایەن جەمشید پاشای ئاریا زەمینەوە، کە لە بنەماڵەیەکی دێرینی کوردە، وەکو تیرەی شوانکارەو شوان، لە رۆژئاوای وڵاتی ئاریان زەمین. فەرەیدون کە کاوەی ئاسنگەر، بە راوێژی میللەتەوە، کردی بە پاشای وڵات، لە نەوەی جەمشیدە، جەمیل رۆژبەیانی دەڵێت، فەرەیدون و کاوە[2]. لە بنەماڵەی شوانکارەن و هۆزی شوانی ئێستای رۆژهەڵاتی کەرکوك شوانکارەن و سەر بەو هۆزەن و لە بنەڕەتدا، لە رۆژهەڵاتی هەرێمی فارسەوە، بۆ ئەم ناوچەیە هاتوون.

نەوەی ئەم بنەماڵە شوانکارەیە، ئەردەشێر پاپکە، کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانییە[3]. کە لە قۆناغی ناوەڕاستی مێژوویی گەلانی ئاریا زەمین و کورد دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و پایتەختەکەی لە قەڵای (ئیگ) بووەو کۆشکی (دار الامان)ی لێدروستکردووە. پاشان شوانەکان بەو ناوەوە لە دوای کۆچکردنیاندا لە رۆژهەڵاتی کەرکوك، بە دووری یانزە کیلۆمەتر دێی (دارەمان)یان بۆ —بوونی بنچینەو نەژادیان دامەزراند[4].

---

[1] بابا شیخ حسینی، هامشی بردانش زبانشناسی، سنندج 1383ھ : 297- 306.

2 مەلا جەمیل رۆژبەیانی، فەرمانڕەوایی شوانکارەی کورد لە هەریمی فارس و ئیسفەهان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی هەشتەم، بەغدا، 1981: 159-160. بڕوانە: فارسنامەی ابن البلخی: 27، فارسنامەی ناصری: 133.

3 . مەلا جەمیل رۆژبەیانی، چوار دەوڵەتی کورد، هەولێر 2000، پەراوێزی 38: 110.

4 . مەلا جەمیل رۆژبەیانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو: 93.

# نەورۆزی کورد و کاوە و ئەژدەهاک

نەورۆز بە پێی رووداو و بابەتەکانی، ئەگەر دوو لایەن و جۆرو بنەمای هەبێت. وەکو بنەمای ئایینی و گۆڕانی سروشتی، ئەولای کورد بنەمای سێیەمی هەیە. لە بۆنەی و رۆژی ئایینیدا کە یادکراوەتەوە، لەو بۆنەیەدا دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت راگەیەنراوە لە لایەن جەمشیدەوە. ئەمە بێجگە لەوەی نەورۆز جەژنی رزگاربوونە لە قات و قڕی زستانی سەردەمی سەهۆڵبەندان. لایەنی سێیەمی لای کورد بریتییە لە جەژنی روخاندنی پاشایەکی ستەمکار و سەرکەوتنی میللەتی کورد.

کورد وەکو دیاردەیەکی مەزنن دەڕوانێتە نەورۆز کە یەکێکە لە بنەما نەتەوەیی و قەوارییەکانی. بۆتە هێمای تێکۆشانی نەتەوەیی و چینایەتی[1] بە درێژایی سەردەم و لە کوردستانیشدا سروشتیش ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت، جەژنی گۆڕانی سروشتی و بەهارو سەری ساڵی کوردی بە سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەری کورد بە سەر ئەژدەهاکدا لێکیانداوە.

هەرچەندە نەورۆز لای کورد لایەنی ئەفسانەی کاوەو ئەژدەهاکی گرتۆتە خۆی، بۆتە هێمای بەرگریکردن لە ستەم و چەوسانەوەو شۆڕشێکە لە پێناو ماف و ژیانێکی سەربەست و مەزن.

کەواتە نەورۆز لای کورد دوو رووما (ملامح- شێوە)ی هەیە:

1- نەورۆز بۆنەیەکی نیشتمانی مێژووییە.

2- نەورۆز لای کورد جەژنی بەهار و خۆشی و گەشییە، وەکو گەلانی تری ئاری یادی بۆنەکەی دەگێڕن.

بۆ خاڵی یەکەم لە رووی مێژووییەوە، داستانی جەمشید کە رووداوی نەورۆزی بۆ دەگەڕێتەوە، لە سەردەمێکدا روویداوە، هێشتا ئەو کاتە گەلانی سەر بە کۆمەڵەی هیندی و ئێرانی لە خێزانی ئاری رەگەز، واتە ئارییەکانی ئێران و هتد.. لە یەکتر جیا نەبوونەتەوە. هەشە داستان جەمشید وا دەبینێ لە کاتێکدا روویداوە هێشتا گەلانی هیندو ئەورووپی ئاری رەگەز لە یەکتر جیانەبوونەوە.

ئیتر بە پێی جیابوونەوەو کۆچکردنی شەپۆلی ئاریەکان، رەگەزی کورد خۆی لە گۆتی و میدیەکان دەبینێتەوە کە لە زنجیرە چیای زاگرۆس نیشتەجێ بوون[2]. دەکاتە رۆژئاوای ئاریانا و فارسیش لە باشووری رۆژهەلأتی مانەوە.

بە پێ ئاوەڕدانەوەی مێژوویی کورد مافی خۆیەتی شانازی بە نەورۆزەوە بکات، کەلتووری باوپیرانی خۆی وەکو هەر گەلێکی تر.

خالی دووەمیان نەورۆز بۆنەیەکی نیشتیمانی مێژووییە، بەندە بە ئەفسانەی ئەژدەهاک و کاوەی ئاسنگەر، شۆڕشگێری میللی کە تۆڵەی لە ئەژدەهاک کردۆتەوە، کە ستەمی لە خەڵك و کەسانی بێ تاوان کردووە. ئەفسانەکەش بەمجۆرەیە:

---

1 محمد امین رەشید: 170.

[2] محمد امین زکی، خلاصە تأریخ الکورد و کوردستان، ت: محمد علی عونی، مطبعة السعادة، القاهرة 1939: 94، هەروەها فؤاد حەمە خورشید، الاکراد دراسة علمیة موجزة، مطبعة دار السعادة، بغداد 1971: 66، هەروەها بابا شیخ حسینی: 297.

کورد وەکو دیاردەیەکی مەزن، دەڕوانێتە نەورۆز. پاشان یەکێکە لە بنەما نەتەوەیی و قەوارییەکانی. بۆتە هێمایەکی تێکۆشانی نەتەوەیی. بە درێژایی زەمان و سەردەم و تەنانەت لە کوردستاندا، سروشتی ئاهەنگی بۆ دەگێڕن و، بۆتە هێمای بەرگریکردن، لە ستەم و چەوسانەوەو شۆڕشێکە، لە پێناو ماف و ژیانێکی سەربەست و مەزن.

ئەژدەهاك کە لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە (زوحاك) ناوبراوە راستە. چونکە ئەم ئەژدەهاك، کەسێکی عارەبی یەمەنییە و تەنانەت خوشکێکی خێزانی پاشایەکی یەمەنییە. لە یەمەنەوە هاتۆتە بەشی رۆژئاوای وڵاتی ئاریا زەمین کە کوردستان وڵاتی کوردەو بۆتە پاشاو حوکمی وڵاتەکەی کردووە. دەسەڵاتەکەی بە شێوازێکی توندوتیژو رەقبووە. ستەمکار، خوێنرێژ بووە، خەریك و سەرقاڵی خۆشی و رابواردن بووە. گوێی نەداوەتە میللەت وخەڵك[1].

ئەژدەهاك واتە زوحاکی عەرەبی یەمەنی کاتێك توشی نەخۆشی دەبێت و بە پێ ئەفسانەکەی کە هەیە، گوایە دوومار لە سەر شانی ئەم زوحاکە رواوە و خوێنیان مژیوە. نەخۆشییەکەی کاریگەر بووە، لە ئەنجامدا هیچ چارەسەری نامێنێ بۆ چارەسەر کردنی، رۆژێکیان چێشتەکەرەکەی بە زوحاك دەڵێت، چارەسەری برینەکەت بە دەرخواردکردنی خوێنی دوو لاوی کورد چاکدەبێتەوەز ئیتر زوحاك فەرمانی گرتنی لاوە کوردەکان دەردەکات. هەر رۆژەی دوو لاوی کورد دەگرن، بۆ ئەوەی خوێنەکەیان بدرێتە مارەکانی سەر شانی، تا ئیش و ئازاری کەمبێتەوەو واز لەو بهێنێ. هەرچەندە ئەفسانەکە وایە گوایە هەر رۆژەی یەکێك لەو لاوە کوردانە لە لایەن چێشتەکەرەکەی زوحاکەوە بەرەڵاو و رزگار دەکرێت. لاوەکەش روو دەکاتە چیاکانی وڵات یا شوێنە دوورەکان وەك چیای دەماوەند، کە دوورە دەستی دەسەڵات و شوێنێکی سەختە[2].

ئەم حاڵەتە میللەت نیگەران و هەراسان دەکات رۆژێکیان کاوەی ئاسنگەر گوایە حەوت کوڕی هەبووە، شەشیان بوونەتە قوربانی ئەژدەهاك و تەنیا یەکێکیان ماوە. ئەویش چاوەڕێ مەرگی خۆیەتی. کاوە بە خەڵکەکە دەڵێت "خەڵکینە نابێت بێدەنگ بین، پێویستە رووبەڕووی ئەژدەهاکی خوێنرێژ ببینەوە، تا رادەیەکی بۆ دابنێین، چونکە دەبینن لاوانی میللەتەکەمانی قڕکردووە. بۆیە خەڵکەکە دەکەونە دوای کاوەی ئاسنگەرو بەرەو کۆشکەکەی. دەبینن ئەژدەهاك سەقاڵی کۆبوونەوەیە، باسی دادپەروەری خۆی دەکات. کاوە پێ دەڵێت دادپەرەوەر نیت ئەژدەهاکیش پێ دەڵێت ئێستا بۆتی دەسەلمێنم، یاساوڵ کوڕەکەی بەربدەن، هێشتا کاوە دەڵێت نەخێر تۆ هەر خوێنرێژێت، دادپەروەر نێت، ستەمکاریت لاوەکانی ئێمەت قڕکردووە، دواتر دێنەوە، کە دەبینی کوڕەکەی کاوە ئازادکراوە، خەڵك زیاتر دەکەوێتە دوای کاوەو فرماندەدات هێرشبکەنە سەر کۆشکی ئەژدەهاك و لە ناوبەرن[3].

پێش ئەوەی هێرشبکەنە سەری، خەڵکی لە ئەسفەهان هێرشدەکەنە سەر دەبۆی چەکی شارەکەو دەیبەن و پارێزگاری شار دەکوژن و دواتر لە شوێنێکی تریش چەك و چۆڵی شاری ئەسفەهانیش دەبەن و والی شارەکە خۆی رادەستیان دەکات و پاشان هێرشدەکەنە سەر کۆشکی ئەژدەهاك و دەیگرن. لێرەدا دوو بۆچوون هەیە:

---

[1] دیاکۆنۆف، میدیا: ئەڵێ بابلی یە: 638 ، بۆ هەمان مەبەست عبدالخالق سەرسام، ئاڤێستای نەورۆز، هەولێر، 2005 : 49

[2] د. کامل حسن بەسیر، ئاسۆیی زانکۆ، ژمارە (1).

[3] حیلمی عەلی شەریف: 41.

1- یەکێکیان ئەوەی ئەژدەهاك ناکوژن و دەسگیری دەکەن و دووری دەخەنەوە بۆ چیای دەماوەند و لەوێ بەند دەکرێت.

2- دووەمیان گوایە یەکسەر دەیکوژن. لێرەوە دەسەلاتی ئەژدەهاك کۆتایی پێدێت و بەم رۆژە دەوترێت، ئەمڕۆ رۆژێکی نوێیە واتە نەورۆزە. دەکرێت بە ئاهەنگ و خۆشی و جەژنی سەرکەوتن.

لێرەدا جێگای خۆیەتی هێما بۆ ئەوە بکرێت، رووداوی کاوەو ئەژدەهاك چ پەیوەندییەکی بە میللەتی کوردەوە هەیە؟

وەلامی ئەمە بەوە دەدرێتە، فیردەوسی لە شانامەدا، کە باس ئەم ئەفسانەیە دەکات. لاوە گیراوە قوربانییەکانی دەستی ئەژدەهاك چ کوژراوەکان و چ ئەوانەی رزگاریان بووە لە دەستی جەلادەکانی ئەژدەهاك لە (نەسلی پەهلەوان)ان لە تیرەی (گورد) بوونە واتە کورد بە فارسی.

خالێکی تر بۆ کوردبوونی ئەژدەهاك واتە (چحاك) کە بە هەڵە لە گەلّ (ئاستیاگ)ی پاشای چوارەمی میدیەکانی پێشینانی کورد تێکەڵکراوە. گوایە ئەژدەهاك و ئاستیاگ یەك کەسن و گۆڕاون لە رووی دەزگییە بە یەکرت. بەلاّم رووی زانستی گۆڕانی دەنگی (چحاك)ی عەرەبی بۆ ئەژدەهاك نزیکترە وەك لە ئەژدەهاك و ئاستیاگ: واتە گۆڕانی دەنگی (چ) بۆ (ژ) و (ز) وەك لە (چ) بۆ (س). ئەمە بێجگە لەوەی ماوەی پاشایەتی ئاستیاگ، دوای ماوەی پاشایەتی ئەژدەهاکە[1]. لە لایەکی ترەوە ناوی ئاستیاگ، لەگەلّ فەرەیدون و ئەژدەهاك و کاوە لە ئاوێستادا نەهاتووە، چونکە ئاستیاك زۆر دوای زەردەشت و ئاوێستاو رووداوی نەورۆزیشە، مێژووی دەوڵەتی ماد وۆر دوای روداوی نەورۆزەوە چ شێوە مێژووەکەی یا شێوە ئەفسانەییەکەی[ ] .

ئەم سێ خالە کوردبوونی نەورۆز و کاوە فەرەیدون دەگەیەنێت. ئەژدەهاکیش زەبیحوڵلاّ سەفای ئێرانی دەڵێت : لە یەمەنەوە هاتووەو عارەبە بۆ فەرەیدونیش، کە لە لایەن کاوەی ئاسنگرەوە لە شوێنی ئەژدەهاك کراوەتە پاشاو لە نەوەی جەمشید پاشای چوارەمی بنەماڵەی پێشدادی بووە، کە یەکەم بنەماڵەی پاشاکانی مادبوون کە دەکاتە (ولاّتی مادی گەورەو بچووك) فیردەوس هێمای بۆ ئەمە کردووە. ماد درێژەپێدەری پێشدادییە، کوردی ئەمڕۆش درێژەپێدەری مادە کەواتە جەمشید کوردە[ ] .

بۆ نەهێشتنی گومانی جیاوازی نێوان ئەژدەهاك و ئاستیاگ ئەویە ژیانی و دەسەلاّتی ئاستیاگ بە پێ سەرچاوەکەی زەبیحوڵلاّ سەفا لە کتێبی حماسە سرابی در ایراندا زۆر دوای ژیانی زەردەشتە کە ئایینەکەی لە کتێبی پیرۆزی ئاوێستادا بەرجەستەکردووە کە ناوی لەگەلّ جەمشید و فەرەیدون و ئەژدەهاك نەهاتووە. لێرەدا حیلمی عەلی شەریف دەڵێت ئەمە بەلگەیەکە و نیشانەیەکە ئەیخەینە پێش چاو، بە تەواوەتی دلّنیاماندەکات کە ئەژدەهاك

---

[1] د. احمد محمود الخلیل، مەملەکەتی ماد، وەرگێڕ: حەمە سەعید کەلاری، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2011: 78، 91،90. ئاستیاگ لە سالّی (585) پ- ز بووەتە پاشی ماد.

2 حیلمی عەلی شەریف: 49، ئەویش هێمای کردووە بۆ زەبیحوڵلاّی سەفا، تأریخ حماسە سرایی در ایران: 457.

[ ] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

کەسیکەو ئاستیاگ (ئیختو ویکو) یا ( ئیشتوڤیگۆ) ، (ئەستر ڤیگۆ) کەسێکی ترەو هەریەکەشیان وەکو هێمامامان بۆ کردووە لە جێگاو کاتێکی جیاواز لەگەڵ یەکتر ژیاون و فەرمانڕەواییانکردووە با کۆمەڵگاکەشیان بچنەوە سەریەك[1] .

لایەکی تری نەورۆزی نەتەوەیی، واتە نەورۆزی کاوە ئاسنگەر بۆ کوردبوونی، ئەوەیە ئەم ئەژدەهاکە لە یەمەنەوە هاتۆتە رۆژئاوای وڵاتی ئاریا زەمین خوکمی کردووە، کەواتە وڵاتی کوردە. بۆیە نەورۆزی سێیەم کە دوای نەورۆزی سروشتی و ئاییینیە بەندە بە نەتەوەی کوردەوە. لەم خاڵانەی خوارەوە کورتی دەکەینەوە:

1- ئەژدەهاك کەسێکی عارەبی یەمەنییە، لە یەمەنەوە هاتۆتە وڵاتی کورد کە رۆژئاوای وڵاتی ئاریا زەمینە حوکمی کردووە و بۆتە پاشا.

2- ئەژدەهاك واتە (زوحاك)، ئاستیاگ ینیە، کە پاشای چوارەمی میدییەکانەو ماوەو ناوی بەوەی دوای ئەژدەهاك لە حوکمراندا، لە ئاوێستادا وەکو ناوەکانی پێش خۆی لە فەرەیدون، ئەژدەهاك و کاوە باسنەکراوە.

3- لە رووی زمانییەوە، گۆڕانی دەنگی نێوان وشەی ئەژدەهاك و ئاستیاگ جیاوازن لە یەکتر.

4- قوربانییەکانی دەستی ئەژدەهاك، لە نەوەی کوردی، تیرەی پەهلەوانانە.

5- فەرەیدون لە بنەماڵەی جەمشیدە، کە یەکێکە لە بنەماڵە کۆنەکانی مێژووی کورد وەك پێشدادی.

6- پەیدابوونی داستانی کاوەی ئاسنگەر لە سەرچاوەیەکی مێژووییەوە. واتە موتوربە بوونی نەورۆز بە داستانی کاوەو دە— نەورۆزی کورد لەم بەرگە گرنگ و بایەخدارەی ئێستادا[2] .

---

[1] تأریخ حماسه سراین در ایران:32، هەروەها حیلمی عەلی شەریف: 43- 45، عبدالخالق سەرسام: 187، بۆ ئیختۆ ویکو.

[2] حیلمی عەلی شەریف: 23.

## نەورۆزبوونی کورد

وشەی نەورۆز، وەکو ناوێکی لێکدراو، لە رووی پێکهاتنی وشەییەوە لە دوو بەشی وەك (نەو) شێوەی تری وەك (نویٚ، نەو، نۆ، نو، نوی)هەیە وشەیەکی سادەیە ئاوەڵناوە، (رۆز) ناوە رۆژی دەگەیەنێت، لە ئەنجامی لێکداندا دەنگی (ژ) گۆڕاوە بە (ز). ئەمەش یاسای زمانییە، لە پێکهاتنی وشەی ناسادەدا لە رووی پێکهاتنەوە پێکهاتن و گۆڕان روودەدات، وەك گۆڕانی دەنگ بە دەنگی تر. وشەو گۆڕانی هەیە وەك هەشت—هەژدە، خواستن—دەخوازم، تەڕەتیژە—تەڕەتیزە، ژەهر — زەهر. وشەی (رۆژ) لە کۆمەڵەزاری کوردی باشووری وەکو:

لەك، لوڕ، کەلهور، خانەقینی، شوانی و گەڕوسی بەکاردێت. وشەی (روژ) کۆنترە لە رۆژ. بۆیە رێتێدەچێت وشەکە (نەوروژ) بووبێت و گۆڕاوە بۆ (نەوروز) پاشان لە مێژووی نوێی زمانی کوردیدا بۆتە (نەورۆز) لە (نەورۆژ) ەوە. یا وشەی (رۆز) لەم زارانەدا (زور)ە بە واتای (گەلێك) یا (فیشار) وەکو (زورکردن)ە. یا شو —— شوی / زوو —— زوی

وشەی تری هاوشێوەش هەیە وەك زاگرۆز دەشێت لە (زاك) یا (زاگ) و (رۆز) کە خۆی (رۆژ)ە، لە ئەنجامی لێکدانی بۆتە (زاگرۆز) لە (ژاگرۆژ)[1]ەوە یا وشەی دەسرازە —— دەسرِاژە، بەژدار لە (بەشدار)ەوە.

وشەی نەورۆز لە رووی واتاوە، واتە رۆژی نوێ، کە لەوە پێشتر نەبووە، کە خۆش لە گۆڕانێکی سەردەمی مێژووییەوە سەریهەڵداوە و روویداوە، روودانی رووداوەکە پێشتر نەبووە، کە بریتیە لە وەرچەرخانێکی مێژوویی، کە بریتییە کۆتای پێهاتنی سەردەمێك و دەسپێکردنی سەردەمێکی تر. واتە کۆن بۆ نوێ.

[1] د. فەلەگەدین کاکەیی، دەربارەی وشەی زاگرۆز، گۆڤاری زاکرۆس، ژمارە (1)، هەروەها عبدالخالق سەرسام: 171. زاگرۆس: کێوی زەردە، لە زاگرۆز، زاگور، زاگۆر، گۆر بە سۆمەری واتە چیا، پاشان بووەتە زەقورە، زەکورە. چیای زەردە کۆ دەکەوێتە خوارووی ریزە چیای زاگرۆس لە ناو ئیران.

## ئاگری نەورۆز چی دەگەیەنێت؟

لێرەدا پێویستە هۆی ئاگرکردنەوە لە نەورۆزدا رونبکرێتەوە، بەوەی هێما بکرێت، ئەم ئاگرە لە چییەوە سەریهەڵداوە؟ کردنەوەی ئاگر لە سەرەتاوە، دەچێتەوە سەر ئاگری ئاینی زەردەشتی، کە وەکو هێمایەکی پیرۆز بۆ رووناکی و بەردەوامی، هەمیشە لە پەرستگاکانی ئاینەکەدا کراوەتەوە و ئەکوژاوەتەوە.

بۆیە من وای بۆ دەچم، کە ئاگری نەورۆزیش لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت، یەکەم لە بەر ئەوەی سەرچاوەی روناکییەو، ئاگریش پیرۆزەو یەکێکە لە سەرچاوەکانی ژیان.

ئەمە کە وەکو شتێکی گشتی، بەڵام وەکو راستییەکی زانستی ئاگری نەورۆز، کاوەی ئاسنگەر دوای ئەوەی بە سەر ئەژدەهاك و دارودەستەکەیدا سەرکەوت و تاج و تەختی روخاند. کاوە بۆ گەیاندنی مژدەی سەرکەوتنەکەی بە گەلی دوورونزیك، پێشتماڵە ئاسنگەرییەکەی خستۆتە سەر دارێکەوە و ئاگری تێبەرداوە و بەرزی کردۆتەوە. ئەمە لە بەر ئەوەی لەو سەردەمەدا هۆی راگەیاندن نەبوو، پەنا دەبرا بۆ ئاگرکردنەوە لە سەر چیاکان، بۆ مەبەستی هەواڵ گەیاندنی رووداو، بەوەی کە رووداوێك روویداوە. هەروەکو وترا ئاگریش روناکییە و پیرۆزە و دیار و دەبینرێ.

بۆ راستی مەبەست بێجگە لە ئاگر، تاکۆ تایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم، بە رق تێگرتن بۆ مەبەستی هەواڵگەیاندن، لە سەر چیا بەرزەکانەوە بە کار دەهێنرا[1]. ئەمەش پاشماوەی ئەو ئاگرەیە. هۆکەی دەچێتەوە سەر ئاگری نەورۆز، لەم خاڵانە کورتیدەکەینەوە:

1- ئاگر سەرچاوەی روناکییەو روناکیش نیشانەی خۆشی و گەشی ژیانە.

2- ئاگر هۆیەك بووە، بۆ گەیاندنی هەواڵ و راگەیاندنی هەواڵ لە کۆندا.

3- ئاگر یەکێکە لەو چوار سەرچاوەیەی ژیان وەکو: ئاو، خاك، هەوا، ئاگر، کە ژیان بە بێ ئەم سەرچاوانە نابێت.

4- لە هەموو نەورۆزێکشدا ئاگر دەکرێتەوە، بەردەوامی ئەو ئاگرەیەو پیرۆزکردنی سەرکەوتنەکەیەتی. کە سەرەتای سەرکەوتنی میللەت بووە، بۆیە دەبینرێ لە ئاینی زەردەشتی و ئیزدی بەردەوام لە پەرستگاکانیاندا ناکوژێتەوە. دەبێت ئەوە بزانرێ، ئاگرو ئاڵا لای میللەتی ئاریایی، دوو نیشانەن، ئاگر پیرۆزی و ئاڵاش هێمای میللەتن. هەردووکیان ئەم دوو هێمایە سەرەتا لای میللەتی ئاری رەگەزەوە سەریهەڵداوەو دواتر وڵات و میللەتەکانی تریش لەوانەوە وەریانگرت و بەکاریانهێنا.

محەمەد ئەمین رەشید لە (النوروز فی الادب الفارسی حتی نهایە العصر الخزنوی)دا لە بارەی ئاگری نەورۆزەوە دەڵێت : یەکێك لەو دابانەی کە لە نەورۆزدا دەکرێت ئاگرکردنەوەیە لە شەوی نەورۆزدا، کە رۆژێك پێش نەورۆزە، مەبەست لە ئاگرکردنەوە شێکردنەوەی بۆگەنییە، کە زستان لە هەوادا هێشتویەتییەوە، کە ئێرانییە کۆنەکان باوەڕیان وایە، ئاگر لە کوانودا بوەری ئازار دەردەکات کە لە تاریکیدان، هەروەها دەبێتە هۆی داماڵین و فرێدانی خەوی ناخۆش و نارەحەت، کە لە خەودا دەیبینن[2].

---

[1] من خۆم ئەمەم دیوە لە چیای خاڵخاڵانی ناوچەی شوانەوە بەرقیان بەرەو کەرکوك تێدەگرت.

[2] المحاسن و الاضداد، تصحیح: محمد امین الخانچی الکتبی، القاهره، 1342 ه: 238، 239، 240.

لە راستیدا ئاگر هۆیەکی راگەیاندنی بەجێیە (لۆجێکی) بۆ ئەم دیاردە مێژووییە بەڵگەی مێژوویی لەمەدا بۆمان تۆماری دەکات. ئاگرەکە لە ئێراندا بە شەو و لە تاوەرێکەوە بۆ تاوەرێك هەڵکراوە، پارێزەری لەملاو ئەولای رێگاوبانەکە، لە شوێنی بەرزدا بۆ دانراوە. ئەمەش لەلایەن خەشایەرشا کوڕی داریۆشی یەکەم سەردەمی هەخانشی گەورەدا کراوە کە لە ساڵی 486 پ – ز لە تەمەنی 35 ساڵیدا بۆتە پاشا[1].

ئاگر خزمەتگوزاری پۆستەیی جێبەجێ دەکات، بۆ تەلەگراف ناردن بۆ دوورترین وڵات. حەسەن پیرنیا دەربارەی ئاگری نەورۆز هێما دەکات، بەوەی وا دەزانرێ کەوا تەلەگراف (بەرق) لە سەردەمی کۆندا بوونی نەبووە، کاتێك ویستوویانە ناردنی هەواڵێك یا پەیامێکی پەلە بنێرن ئاگریان لە لوتکەی چیا بەرزەکاندا کردۆتەوە[2].

هیرۆدۆتیش لەم بارەیەوە دەڵێت: کاتێك یەکێك لە سەرکردەکانی خشیارشا لە وڵاتی (ئاتن) یاخود (ئاتن) واتە (ئەثینا) هەواڵی بەم سەرکەوتنە بەهۆی ئاگرەوە لە کێوە بەرزەکانەوە لەو کاتەدا، دا بە شا کە لە ناوچەی (سارد یا ساردیس)دا بووە[3].

بۆچوونەکان وا دەردەخەن، کەوا ئاگر لە وڵاتی ئاریا زەمیندا، بۆتە داب و نەریت و هۆیەك بەکارهاتووە، بۆ هەواڵناردن و گەیاندنی موژدەی خۆشی بۆ دوورونزیك. لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی پیرۆزی ئاگر، لە ئایینی کۆنی وڵاتی ئارایییدا بەرز راگیراوەو رەچاو کراوە. ئەمەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئاگر یەکێکە لەو چوار شتەی وەك: خاك، ئاو، ئاگرو هەوا کە ژیان پێکدەهێنن و هەرقلیش فەیلەسوفی گریکی جەختی لەمەکردووە، کە ژیان بە بێ ئەم چوار شتە نابێ.

هەر ئەم کاریگەرییەی ئاگرە وایکردووە، کە ئاگر بە جوانی و پیرۆزی و نیشانەی روناکی و خۆشی لە شیعری شاعیران و ئەدەبیاتی کوردیدا رەنگی داوەتەوە. لە بارەی ئاگرەوە کە موژدەی خۆشی دەگەیەنێ، پیرەمێرد دەڵێت:

ئەو رەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورونزیك ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عیشق ئەچوون بەرەو پیری مەرگەوە
(پیرە مێردی نەمر، محمد رەسول هاوار، ل129)

قانعی شاعیر لە دێرە شیعرێکدا، بە راستی پەیوەندییەکی تەواو، لە نێوان ئاینی زەردەشتی و پیرۆزییەکانی وەك ئاوێستا کتێبی پیرۆزی ئایینەکەو ئاگر کە بناغەی تاکانێتی و بیری مرۆڤایەتی نیشاندەدات.

بە ئاوێستا، بە زەردەشت، یان بە ئاگر چۆن نەنازم من
بناغەی وەحدەت و ئەفکاری ئینسانی کە دامەزران

---

[1] محەمەد ئەمین رەشید:64، بڕوانە: ایران باستان، چ1 : 669، 687.

2 حیلمی عەلی شەریف:33، هەروەها حسن پیرنیا، مشیر دوله سابق، تأریخ مختصر ایران تا انقراضی ساسانیان، تهران، مطبعة مجلس، 1308 هـ : 1493.

3 عەبدولعەزیم رەزایی: 155، وشەی (سەریدە)، ( نوسرد، نەوەسەرد) واتە سارد، هەروەها ایران باستان: 1493، (ئاتن)ە.

(دیوانی قانع، 1979، ل149)

ع. ع. شەونم شاعیرێکی تری کورد لە شیعرێکدا، بە ئاگر جەژنە پیرۆزە دەنووسێت و جەژنی نەتەوەکەی پیرۆز دەکات. ئەمەش لە زۆر شوێنی کوردستاندا و لە نەورۆزدا، بە نووسین و لە بەرزاییەکی دیارەوە تیایدا دەنووسن نەورۆز، شوێنەکەی چاڵدەکەن و ئاگری تێدا دەکەنەوەو لە دوورەوە زۆر جوان دیارە، بە ئاگر نەورۆز نووسراوە یا دەنوسن جەژنتان پیرۆز یا نەورۆزتان پیرۆزبێت. ئەمجا شاعیر (ع. ع. شەونم) بە راستی بە تابلۆیەکی شیعری و بە تیشکی ئاگر جەژنە پیرۆزە لەگەڵ وڵاتەکەی دەکات و بڵێسەو تیشکی ئاگر بە هێزو وزەو باوەڕی بەرزی گیانی نەتەوەیی وڵات دەزانێت و دەڵێت:

جەژنە، جەژنی کوردستانە    جەژنی نەورۆزە

بە تیشکی ئاگر ئەنووسم    جەژنە پیرۆزە

چاوگی ئاگر هێزو گیانمە    باوەڕی بەرزی کوردستانمە

پیرە مێردی شاعیر لە شوێنێکی تردا، هێما ئەوە دەکات کە ئاگری نەورۆز بۆتە بیروباوەڕو، غیرەت وزەی تێکوشانی داوەتە لاوانی کورد، کە بە عەشقەوە بچن بە پیری مەرگی تێکۆشان و خەباتەوە. پێدەچێت ئەم دوو وێنەیەی هەردوو شاعیر زۆر لە یەکترەوە نزیکن و لەوانەشە (ع. ع. شەونم) بەوەی دوای پیرەمێرد کەوتبێتە بەر کاریگەری شیعرەکەی پیرەمێرد و هەرچەندە داهێنانێکی بەرزی تیادا نواندووەو لەوانەشە داهێنانی خۆیشی بێت. لێرەدا مەبەست لەوەدایە ئاگر بە گشتی لای کورد و بە تایبەتی لە نەورۆزدا زۆر بەرزوپیرۆزو جێگای بایەخی کۆنی کوردە لە مێژوودا. سەرچاوەی بایەخپێدانەکەشی لە ئایینی زەردەشتیەوە هاتووەو سەرچاوەی گرتووە. پێویستە هەموان ئەوە بزانین، ژیان بە بێ چوار شتە دیاردەکەی سروشت، کە یەکێکیان ئاگرە، پەکی دەکەوێت.

# گرنگی و بایەخی نەورۆز

بڵاوبوونەوەی نەورۆز بە ناو گەلانی ئاریای جۆراوجۆردا، گرنگی و واتای خۆی هەیە. بۆیە بۆتە جێگای بایەخپێدانی نەك هەر گەلانی ئاریایی، بگرە بۆ ناو گەلّ و وڵاتانی تریش. ئەم دیاردەی بڵاوییەی نەورۆز گرنگی و واتاو بایەخی زۆر و پڕ واتای گرتۆتە خۆی.

واتای جەژنی نەورۆز بە (رۆژی ئومێد، یا ئومێدی رۆژ)ی بۆ خەڵکی سەرزەمین بەختیاری و کامەرانی دابەشدەکرێت، بۆیە ئارییەکان ئەم رۆژەیان بە (رۆژی ئومێد) ناوناوە[1].

ئەمەش لە رۆژی یەکەمی مانگی فەروەردینەوە هاتووە، کە رۆژی لە دایکبوونی حەزرەتی زەردەشتە کە پەیامبەری دێرین و کۆنی ئارییاییەکانە. هەر لەم رۆژەشدا ئاو رشاندن هەبووە. ئیتر نەورۆزی خورداد ئاداب و رێورەسم و داواکاری لایەنی ئەم رۆژە دەستووری و یاساییەیە[2].

سەرچاوەی ئێرانییەکان واتای جۆراوجۆر لە بارەی نەورۆزەوە باسدەکەن. یەکێك لەو واتایانەی نەورۆز کۆتایی سەرەتای ترە، سەرەتایەك کە لە کاتی سەرەتاوە روو لە کۆتاییە بۆ سەرەتای تر[3]. یا وەکو لە سەرەتاوە هێمامان بۆ کرد، نەورۆز بە جەژنی تۆبەکردن هاتووە، کە لای پارسەکانی هندستان لەم رۆژەدا بۆ تۆبەکردن لە گوناهی سەرانسەری ساڵ کە هەر کەسێك کردبێت، لە رێورەسمی ئەم جەژنەدا بە خوێندنی تۆبەت نامە یا پەتیتی داوای تۆبەکردن دەکات، تا لە رۆژی ئورمزد لە مانگی فەروەردیندا کە لە نەورۆزدا بەرقەرارە تا خوای بیبەخشێت[4].

نەورۆز بە واتای جەژنی گەورە و جەژنی نوێبوونەوەش دێت، واتای رزگاربوون لە ستەم و ستەمکارانیش هاتووە. ئەمە بێجگە لەوەی لای میسرییەکان سەرەتای وەرزی خێرو بەرەکەت و لافاوی نیلە. لای قبتیەکان لە ئەسیوبیا جەژنی سەری ساڵە و بایەخدانە بە شەهید واتە، رووداوی شەهیدەکانی قیبتییە کە بە دەستی رۆمان کوژراون[5].

لای عەرەبەکانیش بە تایبەتی لە سەردەمی ئیمام عەلیدا، بە واتای چونە ناو جەژن و ئاهەنگیران نەورۆز هاتووە، کە دیمەنی جەژن و دەرخستنی خۆشحاڵییە و لەو رۆژەدا نەورۆز بە گەورەترین جەژنی میللی و دێرین لە ئێران دادەنرێت[6].

---

1هاشم رضی، جشنهای گاهنبارو فرودوگ:9 15.

2هاشم رضی: 160.

3 دكتر پرويز رجبي: 286.

4 هاشم رضی: 218.

5 مجلة معهد دراسات القبطية ( ژمارە و ناوەی خاوەن وتار نی یە)، القاهرة 1958: 92، هەروەها القص مرقس سرجيوس، النيروز رأس الاعياد المصرية، مجلة مار جرجيس، العدد (7)، القاهرة، 1965، ص 19.

6 سیرجۆن مالكۆلم، مێژووی فارسی، ژمارە (11)، لەندەن 1826: 12.

هەر لە لای محمد امین رەشید واتای نەورۆز بە رۆژی تازە هاتووە —— بە سەر جەمشید پاشایا هەڵداوە. ناوبراو لە بارەی واتای نەورۆزەوە هێمای کردووە بۆ نەورۆز کە سەرەتای ساڵی تازەیە رۆژی هورمز لە مانگی فەروەردین کە لەو رۆژەدا لەش (جەستە) ئارام و وچاندەگرێت (استراحە) لە هیلاکی و ماندوویی و دڵ لە رق و کینە پاکدەبێتەوە[1]. گیانی مردووەکان دەچنەوە شانەکانی خۆیان.

واتاو گرنگی نەوروز لای کورد زیاتر قالب و شێوازێکی جەژنی نەتەوەیی هەیە. بەوەی رۆژی نەورۆز، رۆژی سەرکەوتنە، سەرکەوتن بە سەر ستەمکاری و رزگاربوون لە خوێنرێژی، رۆژی راپەڕین و خەبات و ئازاداری و سەرفرازییە. رۆژی موژدە بەخشینی گەلە، کە بریتییە لە کۆتایی هاتنی سەردەمێکی پڕ ستەم و ناخۆشی و قات و قڕی نەتەوە لە نەهامەتییەکانی. بۆیە بۆتە رۆژی سەیران و خۆشی و گەشی و جەژنی نەتەوەیی سەرانسەری لە هەموو نیشتیمانی کورد و لای هەر کوردێك لە هەر شوێنێکدا بێت. ئەمە جگە لەوەی رۆژی هاتنی وەرزی بەهارە، رۆژی سەرەتای ساڵێکی نوێیە، رۆژی کۆتایی وەرزی سەرماو سۆڵەیە، رۆژی بوژانەوەی سروشتە، رۆژی فێنکی بەهارو گەشت و سەیرانە. لە لای کورد لە رۆژی نەورۆزدا دوو جەژن لێکدەدات وەك جەژنی نەتەوەیی و جەژنی سروشتی و خۆشی و شادی لەم بۆنەیەدا نەمام و دارێکی زۆریش دەچێنرێت.

مەسعودی لە (التنبیە و الاشراف)دا لە لاپەڕە 196-197 دەڵێت: نەوروز سەرەتای وەرزی گەرمایە، لەگەڵ سەرەتای مانگی گەرمادا دەسپێدەکات و بەم بۆنەیەوە رێوڕەسمی ئاو رشاندن (ابریزگان) یا جەژنی ئاو جێبەجێدەکرێت، کە رێورەسمێکی تایبەتی تیرەگانە لە رۆژی نەوروز دەچێتە رێوە[2].

---

[1] محمد امین رشید: 6.

[2] هاشم رضى: 36.

## پەیوەندی نەورۆز و ئایینی زەردەشتی

سەرچاوەکان هێمایانکردووە بۆ لایەنی جیاوازو جۆراوجۆری کە لە نەورۆزدا هەیەن بە تایبەتی لە سەردەمی کۆنیدا، کە لای میللەتانی ئاریا رەگەز هەبووە. نەورۆز لە رووی ئاینییەوە وەکو جەژنی میهرەگان بەرزو پیرۆز راگیراوە، رووی ئاینیشی گرتۆتەوە. باوەڕیان وابووە کە گیانی مردووەکان لەم رۆژەدا دەگەڕێتەوە جێگای خۆی کە خانەکانی لەشە، لەم رۆژەدا شانەکانی لەش پاکدەبێتەوە، رایەخ رادەخەن و خواردن ساز دەکەن بەوەی کە گیانی مردووەکان لە بۆنی و رۆشناییانەوە سوود وەردەگرێت[1].

لە لایەکی ترەوە نەورۆز بەندە بەوەی، لە گەورەترین رۆژەکانی مانگی فەروەردیندا جەژنی خۆشی و سەرانسەرییە، کە رۆژی خورادی مانگی فەروەردین رۆژی لە دایکبوونی زەردەشتە، کە چاوی بە جیهانی هەڵیناوە. ئەگەرچی هێشتا رۆشن نییە کە بە هۆی نرخی تایبەتی رۆژی خوردادەوە، رۆژی لە دایکبوونی زەردەشتە. یا بە یادی رۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەران بە زۆری لە رووی ئەفسانەوە لەم رۆژەدا کەناری گرتووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەهاری ئەم رۆژە، کە کرانەوەی چاوی پێغەمبەرانە بەنرخە، بەوەی خورداد سەروەری ساڵ و مانگ و رۆژەکانە، کە سەروەری هەموانە[2].

جێگای خۆیەتی پەیوەندییەکی تر، لە نێوان جەژنی نەورۆز و ئاینی زەردەشتی بەدیدەکریچت، ئەویش بوونی ئاگرە لە هەردووکیاندا، ئەمەش بۆتە دابو نەریتێکی باو، لە نێوان کوردا کە لە نەورۆزدا بە ئاگر پیرۆز و یاد دەکرێتەوە. ئاگرو روناکیش پیرۆز رادەگیریچت لە ناو کوردا. باشترین نموونەش، ئەوەیە لە رۆژی 21 ئادار، بە بۆنەی یادی نەورۆزەوە ئاگر لە سەر لوتکە چیاکان و شوێنە بەرزەکانەوە لە شارو لادێکانەوە، ئاگر دەکەنەوە[3]. ژووری نووستنیانیش رووەو رۆژهەڵاتە، ئەمەش بەرز راگرتنی خۆرە بەوەی هێمای رووناکییە[4]، ئەمە بێجگە لەوەی خۆر خواندی رۆژ پیرۆز لە ئاینی میهراییدا.

لە یادی رۆژی نەورۆزدا پیاوی ئاینی زەردەشتی وەك: موبەد- موبەدان نوزا (دوعا) دەکەن بۆ پاشا لە بۆنەی فەروەردین لە نەورۆزدا، لە خوا دەپاڕێتەوە ستایشی خوا دەکەن، بۆ بەردەوامی کاری چاکی مەلیك، رەوشتی باش و کامەرانی بۆ خەڵك مەلیك[5]. لەم رۆژەدا زەردەشتیەکان زوو لە خەو هەڵدەستن، خۆیان دەشۆن و خۆیان پاکدەکەنەوە، جلی نوێ لە بەر دەکەن و نوێژدەکەن و داوای بەزەیی لە ئەهورامەزدا دەکەن بەوەی لێیان ببورێ لە هەڵەی ساڵی رابردوودا.

---

1 هاشم رضی:151-152.

2 دكتر برويز رجبي:33.

3 رمضان داودي، زرداشت و الزرداشتية، منشورات k، 1999 :33 .

4 انور مائي، الاكراد في بهدينان، مطبعة الحسان، الموصل 1960: 60 .

5 محمد امين رشيد: 44.

## چۆنیەتی یادکردنەوەی نەورۆز (ڕێورەسمی یادی نەورۆز)

یادکردنەوەی نەورۆز بە گشتی چ لە ناو کورد و چ لە لای خەڵکی وڵاتانی تر بە شێوەی جیاواز یاددەکرێتەوە. هەرچەندە هەندێك شێوەی یادکردنەوەکەی بە تایبەتی شتە بنەڕەتییەکانی لای کوردو لای گەلانی ئاری رەگەز وەك ئاگرکردنەوەی ئێوارەی پێش رۆژی نەورۆز و چوونە دەرەوەی خەڵك بۆ باوەشی سروشت لە یەکدەچن. لەگەڵ ئەوەشدا لای هەر میللەتێك شێوازی تایبەت یا جیاوازتری گرتۆتە خۆی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو میللەت و نەتەوانە، چۆنیەتی یادکردنەوەکەی بە سێ قۆناغی وەك: چوارشەممە سوورە (هەفتەی پێش نەورۆز)، نەورۆز و رۆژی پێ نەورۆز و رۆژی سیانزەبەدەر.

## قۆناغی یادکردنەوەی نەورۆز لە کوردستاندا

یادی نەورۆز لە کوردستاندا سێ قۆناغی بە خۆوە گرتووە:

1- هەفتەی پێش رۆژی نەورۆز شێوازی ئەم جۆرە یادە دەکەوێتە رۆژێکی چوارشەممەی پێش نەورۆز. ئەم یادە شەش رۆژ دەخایەنێت واتە لە رۆژێکەوە تا شەش رۆژ لە نەورۆزەوە دوورە. لە ئێوارەی رۆژی ئەم چوارشەممەیەدا، لاوەکان لە هەموو لایەکەوە، فیشەکە شێتە هەڵدەدەن و شەویش ئەم لاوانە لەماڵەکانەوە بانەوبان دەکەن. لە شارەکانیش کولاّن بە کولاّن، لە دەرگا دەدەن و ، پشتێنێك دەخەنەوە خوارەوە و دەڵێن: ((هەتەرێ و مەتەرێ، سەری ئاولانم شتێکمان بۆ باوێژنە سەرێ، بیتە دەرێ)) [1].

ئەم جۆرە یادە بە دەگمەن لە باشوری کوردستان ئەنجامدەدرێت یا نییە و دەگمەنە، بە زۆری لەوانەیە لە رۆژهەلاّتی کوردستان باو بووبێت ئەمەش لە کۆندا و ئێستا پێدەچێت ئەم شێوەیەی لە دەسدابێ، یا کەمبووبێتەوە، بە هۆی گۆڕانی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. چوارشەممە سوورە لە هەندێك شوێنی باشووری کوردستان خەڵك بە زۆری ژن و کچ و منداڵ بە جوانترین شێواز خۆیان دەگۆڕن و دەچنە دەوروبەری شا و لادێکان و خواردنی یاپراخ و هێلکەی کولاّویش لەگەڵ خۆیان دەبەن و دەیخۆن. کچەکانیش لە مەزارەکان رازونیازی خۆیان دەگرتەوە.

رووداوی کاوەو ئەژدەهاك لە هەفتەی یەکەمی پێش رۆژی نەورۆز بووە، کە ئاگری تیادا دەکرێتەوە، چونکە ئاگرکردنەوەکە، دوای سەرکەوتنی کاوە بە سەر ئەژدەهاکدا بووە، کە بە هۆیەوە موژدەی خۆشی و هەواڵی سەرکەوتن بلاّوکراوەتەوە. ئەم حاڵەتە بەجێیە و لۆجیکیش قەبوڵی دەکات.

---

1 حیلمی عەلی شەریف: 32، لە کەرکوك ئەم جۆرە چوارشەممە شوورەی دەکرا و، خەڵك ئێواران دەچوونە گۆرستانی شێخ محێدین، لە بەیانیشەوە دەچوونە حەمە شنە یا (خدر زندە)یان پێدەوت نزیك پردی ئازادی ئێستاو دەوروبەر خو خساەو سەرچناری رەحیماوە کچەکانیش لە مەزاری شێخ ساڵەح لە بەردەم گردی شێخ محێدین موازیان دەگرتەوە، ئەم چوارشەممە سوورەیە تا پێش ساڵی حەفتا باو بووە لە کەرکوك بە زۆری خەڵکی گەڕەکی ئیمام قاسم و ئازادی.

یادکردنەوەی نەورۆز بە تایبەتی رۆژی پێش نەورۆز، واتە هەفتەی یەکەمی کە دەکاتە چوارشەممە سوورە. کە دوا چوارشەممەی ساڵ، یا شەوی چوارەشەممەی پێش جەژنی نەورۆز. هەرچەندە کات و سەردەمی ئەم رۆژە لای مێژووناسانەوە دیارینەکراوە، بەڵام مێژووەکەی دەچێتەوە بۆ رابردوویەکی دوور، کە لە وڵاتی ئاریا زەمیندا بەڕێوەچووە. چوارشەممە سوورە شێوازی جیاوازی هەیە لە یادکردنەوەیدا.

## چوارشەممە سوورە

یەکێکلە شێوازەکانی چوارشەممە سوورەی نەورۆز کردنەوەی ئاگرە دەگەڕێتەوە بۆ رابردوویەکی دوور لە ئێران لە سەردەمی پێش ئیسلامدا[1]، وەکو خویەك لای ئارییەکان سێ کۆمەڵە داروگیای وشك لە دەوروبەری ماڵدا کۆدەکەنەوە، ئاگری تێبەر دەدەن و منداڵ و گەورە، بە سەریاندا باز دەدەن[2] و بە خۆشی و گەشییەوە دەڵێن:

زەردی و نەخۆشی من بەرە بۆ خۆت، سووری و گەشی خۆتم بدەری. نابێ کەس ئاگرە بکوژێنێتەوە تا بە خۆی دەکوژێتەوە، پاشان خۆڵەمێشەکەی کۆ دەکەنەوە و فڕێیدەدەنە ناوەندی رێگا. ئەمەش خویەکی ئاسەواری مەزدییە ئەمە لە ئێرانی کۆنی سەردەمی هەخامەنشیدا کراوە، گوایە شیعەکان وەکو دروشمێك ئاگریان بەکارهێناوە بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئیمام حسین[3].

دەمسپی شیعەکانداوای تۆڵەسەندنەوە لە بکوژی حسین دەکات، ئاگر لە سەربانەکان دەکەنەوە، وەك هۆیەکی راگەیاندن، دوای کردنەوەی ئاگرەکە و بازدانە سەری نایکوژیننەوە، تا ئاگرەکە خۆی دەکوژێننەوە، پاشان کچێك خۆڵەمێشەکەی فڕێدەداتە دەرەوە، لە دەوری دیواری خانوەکەدا بڵاویدەکەنەوە کچەکە پاشان دەگەڕێتەوە، لە دەرگا دەدات و ، پێ دەڵێن کێیت؟ کچەکە لە وەڵامدا دەڵێ: منم پێیدەڵێن تۆ کێ؟ لە کوێوە هاتویت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: من لە بوکێنییەوە هاتووم، دوایی پێدەڵێن چیت هێناوە لە گەڵ خۆتا؟ پێیان دەڵێت: تەندروستی و ئاشتیم هێناوە[4].

لە لایەکی ترەوە، لە گەڵ گۆڕانی ساڵدا واتە هاتنی ساڵی نوێدا، گەورەترین کەسی خێزان، سێ کەوچك هەنگوین یا شەربەت و سێ گەڵای سەوز بۆ هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزان پێشکەشدەکات، بە پیرۆزباییکردنی نەورۆز کامەرانی و ساڵی نوێ و پاڕانەوەو خێرو خۆشییان بۆ دەخوازن. پاشان ئەندامانی خێزان هەموویان رادەوستن بە دەنگی بەرزەوە، بە هەموویانەوە، ئایەتی تەندروستی لە کتێبی پیرۆزی (ئاوێستا) دەخوێننەوە و لە ئەهورامەزدا

---

[1] نشریه وزارت امور خارجیه، دور دوم، شماره 5، ص15، هەروەها محمد امین رشید: 136.

[2] عەبدولعەزیم رەزایی: 147. لە ناوچەی بیجار ئەمە دەکەن و هیچ شتێك لەو شەوەدا بە خەڵك نادەن تا خێرو بەرەکەتی ساڵی تازەی ئەو ماڵە نەڕوات لەگەڵ ئەو شتەدا.

[3] مشکور زادە، عقائد و رسوم عامە مردم خراسان:ص 63، هەروەها محمد امین رشید: 137

[4] علی خوروش دیلمانی، جشنهای باستانی ایران: ص 10، چاپ دوم، تهران،1342 ش.

دەپارێنەوە، کە تەمەنی درێژیان بداتێ، کامەرانی و رەوشی باشییان بۆ دەخوازن. تا ئێستاش زەردەشتییەکانی ئێران هەمان رێورەسم لە رۆژی یەکەمی فەروەردیندا دەگێڕن[] .

ئەم جۆرە رێورەسمانەی چوارشەممە سوورە یا نەورۆز بە زۆری ئەگەر لە ناو کوردا بکرێت، لە لە رۆژهەلاتی کوردستاندا کراوە، ئەویش هەندێك شێوازی گۆڕانی بە سەردا هاتووە، ئەگەر ئەم حالەت و جۆرە لە گەلّ یادی نەورۆز لە کۆندا بکرێت، بە تەواوی هەست بە چۆنیەتی شێوازی گۆڕانەکەی دەکرێت. ئەم رێورەسمەی نەورۆز لە بەشەکانی تری کوردستان رۆژهەلاتی لێدەربچێ بە تەواوی گۆڕاوەو لایەنی نەتەوایەتی و نیشتیمانی لە یادکردنەوەیدا گرتۆتە خۆی. ئەمەش بە لای منەوە، هۆیەکەی دەچێتەوە بۆ سەر هۆی سیاسی ژیانی کورد لەو بەشانەی کوردستاندا. رۆژهەلاتیش کەوایە، هۆی نزیکایەتییەتی لەگەلّ ئێران و گەلانی ئێران لە ناوچەکەدا.

لە ئێراندا لە کۆتایی هەفتەی چوارشەممە سوورە، بە تایبەتی لە شەوەکەیدا، کە بۆ بەیانێکەی نەورۆزە، ئاهەنگ لە شەودا دەگێڕێت و دەبێتە شایی و هەلّپەڕکێ و خۆشی و هات و هاوار. کچە عازەبەکان، ئەوانەی لە تەمەنی سیانزە سالّیدان، لەم شەوەدا ئەوەی لە ناخیاندا هەیە دەریدەبڕن و، دەلّێن ئێستا من سیانزە سالأنم و سالّی ئایندە، لەم یادە پیرۆزە دەخوازم مێر بدەم و پیاوێکم بکەی بە هاوسەرو قسمەت، تا منداڵێك بگرمە باوەشمەوە و بێمەوە لات شومکردبێت.

2- ئێوارەی رۆژی نەورۆز: لە کوردستاندا، ئەوەی دیومانە، هەفتەیەك پێش هاتنی رۆژی نەورۆز منداڵ و مێردمنداڵ دەکەونە کۆکردنەوەی دار لە سەر گردو پالّە بەرزەکان لە شارولادێکان، ئێوارەی نەورۆز واتە رۆژی پێش نەورۆز بە زۆر خەلّك لە دەوری کۆمەلّە دارەکە کۆدەبنەوەو چاوەڕێی سروودی کاتی دەمەو خۆرئاوایان دەکرد و لەو کاتەدا ئاگریان تێبەردەدا و سروودی نەورۆزیان دەوت و بە سەر ئاگرەکەدا بازیان دەداو بەکەیف و خۆشییەوە تا ئاگرەکە دەکوژایەوە لە دەوری دەمانەوە بەم رێورەسمە دەوترێ ئاگرکردنەوەی نەورۆز کە رۆژێك پێ نەورۆزە.

بۆ بەیانییەکەیشی تێکرای خەلّك، بە جلی جوان و ئالأو والّەوە، روو دەکەنە باوەشی سروشت. بە تایبەتی شوێنە حۆش و دلّڕەفینەکانو، ئەو رۆژە تا ئێوارە درەنگ بە هەلّپەڕکێ و سەماو گۆرانییەوە، بە دەم خواردنی خۆشەوە بە سەر دەبردو، بۆ شەویش دەگەڕانەوە بۆ مالّەکانیان.

ئەم جۆرە یادەی نەورۆز لە رۆژی پێش نەورۆز و نەورۆزدا، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر یا لە پارچەیەکی کوردستانەوە بۆ پارچەیەکی تری ولأتە لە یەکتر دابڕاوەکەی جارانی جیاوازە. لێرەدا چۆنیەتی ئاگرکردنەوەی نەورۆز دەخەینە روو:

لە رۆژی یەکەمی سالّی تازەدا، پێش خۆرهەلأتن، گەورەی خێزان لە مالّ دەدەچێت، سێ جار بە دەوری مالّدا دەسوڕێتەوە (ئەم کارە لە لایەن ژن و پیاوێکەوە دەکرێت)، ئەمانە هەلّدەبژێرێن بۆ پیرۆزبایی پێشکەشکردن، هەندێك جار ئەم حالّەتە لە لایەن هەموو خێزانەکەوە بەڕێوە دەبرێت) دوای سوڕانەوە کە، بە سێ جار لە دەرگای مالّ دەدەن، کەسێك لە ژوورەوە وەلأمیاندەداتەوە، دەلّێت تۆ کێی؟ چیت هەلّگرتووە؟ لە وەلأمیاندا، دەلّێت: بەختیاری و ئاشتیم پێیە، پاشان ئیزنی چوونە ژوورەوەی پێدەدەرێت، کەمێك دانەویلّە، ژمارەیەك چلّەدار،

---

[] محمد امین رشید: 48.

دانەوێڵەی پێیە. دانەوێڵەکە لە ناو ژووری ماڵەکە بلاّودەکاتەوە، چڵەکانیش دابەشدەکەن و دەیدەنە ئەندامانی مالچ و پاشان فرێدەدرێنە ناو کوانوی خێزانی ماڵەکەوە، بە دەنگی سووتانەکەی گەشبیندەبن[1] .

ئێرانییە کۆنەکانیش (ئارایاییەکان) پێش سورِو گۆرِانی ساڵ خۆیان دەشۆن، بۆن خۆش لێدەدەن، جل و بەرگی نوێ لە بەر دەکەن، یەکتر ماچدەکەن. منداڵ و بچوك دەستی گەورەکان ماچدەکەن، بە فەرمانی پاشا بەندەکان بەرەلاّ دەکرێن، خوانێك بە ناوی (خوانی نەورۆز) ئامادە دەکرێ، بە شێوەیەکی رێکوپێك و جوان خواردن و خواردنەوەکان لە سەر خوانەکە دادەنێن[2] .

3- سیزدەبەدەر: بریتییە لە قۆناغی سێیەمی یادکردنەوەو رێورەسمی بەرِێوەبردنی نەورۆز بە تایبەتی لە ولاّتی ئێراندا. ئەم ئاهەنگە، ئاهەنگی شەوی دوای چوارشەممەی کۆتایی ساڵ واتە (سیازدە بەدەر). خەڵك لە دوا رۆژی چوارشەممەی ساڵدا واتە دوای نەورۆز، لە رۆژی سیازدەمیندا کە دەکەوێتە دوای رۆژی 3/21 بە سیانزە رۆژ، کە دەکاتە 4/2 ساڵی زایینی شەوەکە خۆیان دەرِازێننەوە، ئاگرکردنەوە، گۆرانی دەڵێن و هەڵپەرکێ دەکەن تا دەمەوبەیان بەردەوام دەبن.

بەیانییەکەی روو دەکەنە دەشتو دەر، بە خواردن و خواردنەوەو هەڵپەرِکێ و سەماوگۆرانی رۆژەکە دەبەنە سەر، خراپی و شومی ساڵ لە خۆیان دەتەکێنن و لە خوا دەپارِێنەوە تا بەم بۆنەوە لە گوناهیان بوورێت و پاکببنەوە[3] .

## یادکردنەوەی نەورۆز بە شێوەی فەرمی

بەیرونی دەڵێت جەژنی نەورۆز لە رۆژی یەکەم فەروەردینەوە دەسپێدەکات و ناونرا رۆژی تازە و تا پێنج رۆژی دواتری بەردەوام دەبیچت. رۆژی شەشەمی پێدەوترێ (نەورۆزی گەورە) لە کۆندا پاشاکان یا مەلیك لە گەڵ خەڵکی خۆیاندا لە پێنج رۆژی یەکەمی نەورۆزدا کۆدەبنەوەو گوێیان لێدەگرت و پێویستییەکانیان جێبەجێدەکەن و مافەکانیان دەدەن[4] . نەورۆز شەش رۆژ بەردەوامە، یەکەمیان پێیدەوترێ (نەورۆژی بچوك) یان (نەورۆزی گشتی) کە لەم رۆژەدا پاشا دێتە ناو خەڵك و گوێ لە ویست و خواست و گازندەو پێویستیان دەگرێت[5] .

لە (نەورۆزی تایبەتی)دا پاشا لە گەڵ کەسانی تایبەتمەند بە خۆی کۆدەبێتەوەو خۆش رادەبوێرن. لە پێنج رۆژی دووەمی بە بەخشینەوەی پارەوپول و خەلاّتی نەورۆز وەرگرتن خەریك بووە. پێنج رۆژی سێیەم بە

---

1 محمد ئەمین رەشید:47، هەروەها تحقیقاتی دربارۀ ساسانیان ( عید بهارستان): ص7. بروانە: دکتر محمد معین: مەزدیسنا و تأثیر ان در ادبیاتی بارسی، تهران، 1326: ص 192.

2 عەبدولعەزیم رەزایی: 328.

3 محمد ئەمین رەشید: 192.

4 ابو ریحان البیرونی، الاثار الباقیة، ترجمە: اکبر دانا سروشت، تهران: 130،35، 36.

5 د. پرویز رجبی: 38.

بەخشینەوە بە سەر دەست و پێوەندی خۆیدا و لە چوارەمینیاندا بە کەسانی نزیك بە خۆی و پێنجەمینیان بە سوپاوە خەریك بووەو شەشەم ڕۆیشیان بۆ رەعیەت تەرخانکردووە[1]. سەرچاوەی وا هەیە، هەموو ماوەی یادکردنەوەکە، لە جیاتی سێ هەفتە یا سێ پێنج ڕۆژی ئەو ماوەیە بە تەنیا پێنج ڕۆژ دیاریدەکەن[2].

نەورۆزی سەردەم و ئێستا، بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە کە تیایدا وتارو گۆرانی و سروودی نیشتیمانی و نەتەوەیی و هەڵپەڕکی و شایی میللی و نمایشکردنی شان دەگرێتە خۆی. بەم شانۆیەدا چیرۆکی خەباتی کاوەی ئاسنگەر دژی ئەژدەهاکی خوێنرێژ لە دژی کوردو لاوەکان دەخرێتە روو. نەورۆز سەردەم خەباتی گەلی کورد لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادی و سەربەستی دەگرێتە خۆی. ئەمەش بە هۆی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی نەتەوە دەسەلاتدارەکانی کوردستانە.

گرنگ و بایەخی پیرۆزی نەورۆز، بە رادەیەك کراوەتە بڕگەی ڕێکەوتنی نێوان پاشاو وڵاتەکان بە تایبەتی لە کاتی شکست و ڕێکەوتنی دوای شەڕدا. ئەوەتا ئەردەشێر پاپکانی پاشای ساسانییەکانی پێشینانی کورد داوای لە پاشای ڕۆم کرد تا ریز لە نەورۆز بگرێت. ئەمەش لە کاتێکدا روویداوە، لە ڕۆژگاری ساسانییەکانیشدا نەورۆز زۆر پیرۆز بووە. پیرۆزی نەورۆز بە رادەیەك بووە، کە دوای ئەوەی ئەردەشێر پاپکان سوپای ڕۆمەکانی شکاند. لە ساڵی 230 زاینیدا نامەیەکی بۆ پاشای ڕۆمەکان نووسیوە، کە تیایدا ئەوەی لێ داواکردووە و خواستووە، کە نەورۆز بە فەرمی بناسێت و ڕێزی لێبگرێت. پاشای ڕۆمیش لەو رووەوەی کە جەژنی نەورۆز لە گەڵ داواو خواستەکانی مرۆڤدا گونجاو دێت. داواکەی قەبوڵکردو بە کەمێك گۆڕانکارییەوە جەژنی نەورۆز ناونا (جەژنی لوپراس)[3].

لە لایەکی تریشەوە، گرنگی و بەرزی و پیرۆزی نەورۆز لەوەدا دیارە، کەمیللەتانی جۆراوجۆری مێژووی دنیا یادیدەکەنەوەو بەرزی رادەگرن. ئێستا لە مێژووی هاوچەرخدا زیاتر لە 300 سێ سەد ملیۆن کەس لە جیهاندا ڕێز لە نەورۆز دەگرن و وەکو جەژن یادیدەکەنەوە[4].

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە بەرادەی بەرزو پیرۆزی نەورۆز، لە ناو خۆماندا وەکو کورد نەورۆزمان نەناسیوە، راستە بایەخدراوە بەم جەژنە و یادە پیرۆزە، بەڵام بە بەراورد بەوەی کە کورد بە جەژن ئاینییەکان، بەوەی ئەو ئامادەسازییەی کە بۆ جەژنی پیرۆزی قوربان و رەمەزان دەکرێت بۆ نەورۆز ناکرێت. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کورد شارەزای مێژوویی خۆی نییەو مێژوو و رابردووی خۆی نەناسیوە، یا پاش تێنەگەیشتووە، کە نەورۆز سەرەتای مێژوویی ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی و کوردە، سەرەتای دامەزراندنی سیستەمی دەوڵەت و سەرفرازی میللەتە. ئەوەی لای کورد زۆرباوە لەم رووەوە داستانی کاوەی ئاسنگەرو ئەژدەهاکە. واتە بە شێوەیەکی قوڵ و واتادار کورد ئەوەی نەزانیوە کە شارستانییەت لە لای کوردەوە سەریهەڵداوە، یەکەم

---

[1] ابو ریحان البیرونی، بە کوشش جەلال الدین همایی، التفهیم، تهران، انتشارات بابك، 1362 هـ : 253.

[2] د. جواد برومند سعید: 35 لە التفهیم، ابو ریحان بیرونی: 253 ، هەروەها د. پرویز رجبی: 37 وەرگیراوە.

3 http:// forum.niksalehi.com/ forum615/thread.51610-4.html . ڕۆژی 2013/9/23

کاتژمێر am 8:16:52 ، ئێستاش لە پێگەکەدا ئەم سەرچاوەیە بەرچاودەکەوێ.

[4] هەمان سەرچاوە ئینتەرنێتی پێشوو.

نووسین و یەکەم چاندن و دروستکردنی ئامێروئامرازی کشتوکاڵی لە کوردستانەوە زانراوەو دەسپێکردووە. ئەمە بێجگە لەوەی هەموو ئەمانە لە لایەن نەیارانی کوردەوە شێوێنراوەو لە کورد کراوە بۆ خۆیان بردوویانەو زەوتیانکردووە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، دەرفەت رەخساوە، تەپو تۆزی کەڵەکەبووی زەمانەی غەدار لە سەر راستی مێژوویی کورد بتەکێنین و رووی راستی مێژوویی کورد و شارستانیەتی دێرینی کورد بۆ نەوەی ئێستامان دەربخەین و وەلامی ناراستی و نازانستییەکانی مێژووناسانی نەیارانمان بە بەڵگەی راستی و مێژوویی بدەینەوە.

## خواردنی نەورۆز

بە بۆنەی یادی نەورۆزەوە، خوانێکی تایبەت ئامادە دەکرێت، لە سینیەکدا بە خواردن و خواردنەوەی جۆراوجۆر دەرازێنێرێتەوە خواردنەکە حەوت جۆر خواردنی پێکهێناوە و بە پیتی (س) دەسپێدەکات وەك سەمون، سرکە، سیر، سماق، سێو، سنجد، ساوەر، سەوزی، سوهان، سپستان. یا بە پیتی (ش) وەك لای ئێرانییەکان وەکو خواردنی شەهدە، شیر، شەراب، شەکرناب، شەمع، شمشاد، شایە یا شانە[1]، ئەم خواردنانە خواردنی خوانی نەورۆز پێکدێنێ. ئەم خواردنە باقەیەك داری وەك (ئسپەند- سپنتا) بە واتای پیرۆزە وشەیەکی ئاوێستاییە، لە سەر خوانەکە دادەنێن کە حەوت چینییە[2] ئیتر چینییەکە پڕ دەکرێت بە جۆرەها خواردن و خواردنەوە، حەوت خواردنی تیایە. بۆیە ئەو ناوەی وەرگرتووە، ئەمەش هێمایەکە بۆ حەوت فریشتەی ئاینی زەردەشتی (الملائکە السبعە فی الدیانە الزرداشتیە). هەندێك دەڵێن ئەمە هێمایە بۆ ژمارەی حەوت هەسارەکەی، کە پیرۆزە لای سۆمەرییەکان[3] و دەیپەرستن.

ژمارە کاریگەری زۆر لای گەلان هەیە، بنەمای مێژوویی و ئاینی خۆی هەیە، ئەمە گەیشتۆتە لای گەلانی سامیش وەك بابلی و کورانی ئیسرائیل و عەرەبەکان، یا لە ڕێوڕەسمی سوڕانەوەی (گواف) سەفاو مەروادا حەوت جار دێن و دەچن. لای میللەتانی ئاریش پیرۆز بایەخی تایبەتی وەرگرتووە. ئەم ژمارەیە یا حەوت سینییەکە هێمایە بۆ پێویستییەکانی ژیان و هۆی خوانەکە بۆ ئەوەی دووربن لە شاکانی (حسودی) و چاوی پیس[4]. هەر لە بۆنەی نەورۆزدا شیرینی جۆراوجۆر پێشکەشی خەڵك و جەماوەری ئامادەبوو دەکرێت. وەك هلۆای (حلوی) پالودە، گەزوە، لە منالأنی سەردەمی نوێشدا چوکلێت و شەربەت دراوەتە خەڵك.

لە باشووری کوردستانیشدا کاتێك پێرەمێردی نەمر کە لە گردی یارە سالأنە ئاگری نەورۆزی کردۆتەوەو لە رۆژی نەورۆزیشدا خواردنی یاپراخ ئامادەکرد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، بە پێی گۆڕانی سەردەم و کۆمەڵی کوردەواری گۆڕانکاری لە شێوازی یادکردنەوەی نەورۆزدا لە چۆنیەتی ئاگرکردنەوە، جۆری خۆ ئامادەکردن، جۆری خواردن و شیرنەمەنی و چۆنیەتی چوونە دەرەوە بۆ ناو سروشت گۆڕانی بە سەردا هاتووە. ئێستا خەڵکی کوردەواری خواردنی جۆراوجۆر هەرکەس بە ئارەزووی خۆی ئامادە دەکات. ئاگری نەورۆزیش شێوازە رەسەنەکەی گۆڕاوە. بۆ نموونە لە سوتاندنی دارو دەوەنەوە کە کۆدەکرێتەوە بۆ ئەم بۆنەیە بۆتە سوتاندنی شتی ناسروشتی و پیس کە ژنگەی وڵات و بۆنەی نەورۆزیش تێکدەدات و پیسدەکات، هەرچەندە ئەمەش خەریکە بەرەو گۆڕان روودەدات و ئاگرکردنەوەکە لە

---

[1] عەبدولعەزیم رەزایی: 494. ئەمە پێ دەوترێ خوانی حەوت چینی / هەفت چینی ، لە عەرەبیدا بووەتە حەوت صینی چونکە دەنگی (چ)ی نی یە.

[2] عەلی خوروش دیلمانی، جشنهای باستانی ایران: 56.

3 د. فؤاد الصیاد، النوروز و اثره في الادب العربي: 69- 70. .

4 هەمان سەرچاوە : 68. وشەی شاکانی لە شێوە زاری شوانی کیشکدا بەکاردێت سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشووری یە وەك: کەلهوری، لەکی، خانەقینی، گەرووسی، کرمانشایی و لوری.

شوێنە پێشکەوتووەکاندا نموونەیەکی شارستانیانە دەگرێتە خۆی، واتە ڕێورەسمی ئاگری نەورۆز بەرەو فەرمیبوون بۆتەوە.

خواردن نەورۆزیش مەرج نییە هەمیشە لەو حەوت جۆرە خواردنە دروستبکرێت کە ئەوە تەنیا بۆ جۆری خواردنی حەوت چینییە، ژمارەی حەوت یەکێکە لە ژمارە پیرۆزەکانی ئێرانی کۆن (ئاریانا) لە سەرەتادا پێیانوتوە (هەفت قاپ – حەوت قاپ)[1]، واتە مەرج نییە تەنیا جۆرەکانی، بە یەك جۆر پیت بێت، لە ئێستادا، خواردنی نەورۆز، ئەگەر بیانەوێت رەسەنایەتی پێوە دیار بێت جۆراوجۆرە، یا لە حەوت جۆر دانەویلەی پێکدێت و لە هەر دانەوێڵەیەکی حەوت دەنك وەردەگرن و یا لە شتی تر تێکەڵدەکرێت و دروستدەکرێت و چەند چلە دارێکی وەکو زەیتون، هەناریش لە تەك خوانەکەوە دادەنرێت□. بەم خواردنە دەوترێ (خوانی نەورۆز) و بە شێوەیەکی جوان و ڕێك و لە سەری دادەنرێ. ئەمە لەگەڵ پێشکەشکردنی شیرینی و حەلوا و خواردنەوە و سەوزەوات دەدرێت.

**شێوازێکی تری پێشکەشکردنی شیرینی**

لە گەڵ ساتی گۆڕانی ساڵدا، واتە هاتنی ساڵ نوێدا گەورەترین کەسی خێزان سێ کەوچك هەنگوین یا شەربەت و سێ گەڵای سەوز بۆ هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزان بە پیرۆزبایی لێکردنی نەورۆزی کامەرانی و ساڵی نوێ پێشکەشدەکات و بە پاڕانەوە خێرو خۆشییان بۆ دەخوازێ.

پاشان ئەندامانی خێزانەکە، هەموویان دەوستن بە دەنگ بەرزەوە، ئایەتی تەندروستی لە کتێبی پیرۆزی ئاوێستا دەخوێننەوە و، لە ئەهورامەزدا دەپاڕێنەوە، کە تەمەنی درێژو کامەرانییان پێ ببەخشێت□. ئەم ڕێورەسمە تا ئێستاش لە لایەن زەردەشتییەکانی ئێرانەوە پەیڕەو دەکرێ.

**سەمەنی چییە؟**

یەکێك لە خواردنە باوەکانی جەژنی نەورۆز، خواردنی سەمەنییە، کە خواردنێکی تایبەتییە بە نەورۆز. بریتییە لە جۆرە شۆربایەك واتە لێنانی سەمەنی، بەناوبانگە، لە کوڵاندنی قەرسیل سازدەکرێت و وەکو حەلوایە. کە لە حەوت جۆر دانەوێڵە پێکهاتووە. دەوترێ ئایشەو فاتمە شەوێك دێن و بە دەسی پیرۆزیان شۆرباکە هەڵدەگرن و فەڕو بەرەکەت دەخەنە خواردنەکەوە. پاشان ئەم شیرینییە، بە سەر خزم و کەس و ناسیارو هاوڕێ و برادەرو ئامادەبواند دابەشدەکرێت. ئەمجا بە نۆشکردن و چێژکردنی خواردنەکە لە لایەن ئاهەنگێڕانەوە، خۆشی و گەشی بەم بۆنەیەوە بلاّودەبێتەوە.

بۆ زانین، گێڕانی ئەم ئاهەنگ و میهرەجانە، نیشانەی سەرەتای وەرزی بەهارە□.

---

[1] د. جواد برومند سعید: 324.

□ محەمەد ئەمین رەشید: 38، هەروەها د. جواد برومند سعید: 327- 328.

3 هەمان سەرچاوە: 48 لە شوێنێکی تری ئەم بابەتە ئەمە باسکراوە.

(□) الکورد فی دائره المعارف الاسلامیه: 123، توفیق وهبی: 11-12.

## مێژوویی رووداوی نەورۆز بە گشتی

هەر رووداوێك یا بۆنەیەك، بێگومان بێ سەرەتا نییە، واتە لە سەرەتایەکەوە کە کات و مێژوویەکی دیارە، لێوەی سەریهەڵداوە و بۆتە مێژووی سەرهەڵدانی. نەورۆزیش بابەتێکی چڕو پڕو ئاڵۆزە، چونکە نەورۆز جۆراوجۆرە، ئوە نییە، تەنیا یەك نەورۆز هەبێت و مێژووەکەی دیار بێت. جۆراوجۆری نەورۆز مێژووی سەرهەڵدانی جیاوازی گرتۆتە خۆی. واتە لێرەدا پێویستە مێژووی هەر نەورۆزێك دیاریبکرێت و پاشان کە ئەو هەوڵەی بۆ یەکخستنی یەکخراوە بخرێتە روو.

یەکەم نەورۆز، نەورۆزی ئاینی، مێژووی سەرهەڵدانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی رۆژی شەشەمی فەروەردین، رۆژی خورداد لە کەلوی بەرخ، رۆژی لە دایکبوونی زەردەشت پێغەمبەر، ئەم جەژنە ئاینییە بە هەردوو جۆرەکەیەوە، واتە جەژنی تایبەتی و گشتی، لە مانگی فەروەردیندا روویداوە، کە مانگی یەکەمە لە مێژووی ساڵی ئارییادا. کە دەکاتە مانگی ئاداری مێژووی زاینی واتە رووداوی نەورۆز دەکەوێـە سەرەتای ساڵی ئێرانییەوە. سەرچاوەکانیش مێژووی لە دایکبوونی زەردەشتیان بە ساڵی 600پ.ز دیاریکردووە، هەرچەندە نەورۆزی تایبەتی دەکەوێتە رۆژی یەکەمی فەروەردیننەوە، تیایدا جەمشید پاشا چۆتە سەر تەختی پاشایەتی و رەفتارو کارو کردەوەی چاکی کردووەو نەورۆزیان راگەیاندووە، بەوەی کە رۆژێکی نوێیە لە مێژوودا. دیسانەوە جەژنە ئاینیە گشتییەکە، کە خوا بوەرو ئادەمی دروستکردووە، دەکەوێـە رۆژی شەشەمی مانگی فەروەردین. ساڵی ئەم رووداوانە هیچیان، بێجگە لە ساڵی لە دایکبوونی زەردەشت کە لە نێوان ساڵی (600-1000) یا (6000 – 600) پ.ز[1] دایە دیار نییە مێژووی ئەم نەورۆزانە کەیە. تەنیا ئەوە نەبێت، هەزاران ساڵ پێش زاین روویانداوەو، مێژووی نەورۆزی گشتی (ئاینی)، لە گەڵ مێژووی لە دایکبوونی زەردەشت هەمان رۆژە کە یەکەمی فەروەردینە.

هێمایەکی تری مێژوویی بە دەستەوە هەیە، ئەویش سەرچاوە ئێرانییە کۆنەکان جەخت لەوە دەکەن، کە لە ئاوێستادا ناوی جەمشید، ئەژدەهاك و فەرەیدون هاتووە. ئەمەش ئەوە ساغدەکاتەوە، کە ناوی مادو دەوڵەتی مادو ناوی پاشاکانیش لە ئاوێستادا نەهاتووە، چونکە مێژووەکان دوای ئاوێستایە. گرنگی ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی، کە ئاستیاك دوا پاشای میدییەکان، کە گومانی لێدەکرێ یا وا باسدەکرێ کە زوحاکە، وا نییە چونکە هەروەکو سەرچاوەکان باسیانکردووە مێژووی مادو ئاستیاك دواترن[2]. کەواتە ئەوە روونـدەبێتەوە، کە ئەژدەهاك بە دەستی کاوە، لە پاشایەتی لادراوەو، بەو بۆنەیەوە کراوەتە نەورۆز رۆژێکی نوی کورد نییەو عارەبی یەمەنییە و هاتۆتە وڵاتی رۆژئاوای ئاریا زەمین و دەسەڵاتی گرتۆتە دەست.

لێرەدا ئەم باسە ئەوەمان بۆ روونـدەکاتەوە کە:

---

[1] عەبدولعەزیم رەزایی: 255- 256، س: 10. دەڵێت 714 پ.ز. هەروەها عەبدولاً موبلغی ئابادانی، مێژووی ئاینی زەردەشت، وەرگێڕ: وریا قانع، چ2،سلێمانی 2004 : 52, دەڵێ (660 پ.ز) و د. شفیع الماحی احمد، زەردەشت و زەردەشتییەکان: 13.

[2] حیلمی عەلی شەریف: 50.

1- ڕووداو بۆنەی نەورۆز زۆر پێش دەوڵەتی میدا ڕوویداوە، بە لای کەمەوە لە هەزار ساڵ بەرەو سەرەوە زیاترە لە مێژووی لە دایکبوونی حەزرەتی زەردەشت.

2- ئەژدەهاک ئاستیاک نییە و عەرەبی یەمەنییە،[1] دیاکۆنۆف دەڵێت ئەژدەهاک خەڵکی بابلە[2] ناوی ئەژدەهاک و جەمشید و فەرەیدون لە ئاوێستادا هاتووە. ئاتساکی پاشای میدی زۆر دوای نەورۆز و ڕوودای داستانی ئەژدەهاک و کاوەی ئاسنگەری کوردە. ئەژدەهاکیش دوای جەمشید و پێش فەرەیدوون لە ئاوێستادا دەوریان نیشانکراوە.

3- مێژووی دەوڵەتی ماد دەکەوێتە نێوان ساڵی 750-550 پ.ز، کەچی ئەفسانەی ئەژدەهاک و کاوەی ئاسنگەر پێش ئاوێستاشن و ڕووداوەکە دەچێتەوە دوای تەواوبوونی سەردەمی سەهوڵبەندان و بەستەڵەک (دوای چاخی بلاستوسینی).

4- نەورۆزی سروشتی و نەورۆزی جەمشیدی، کە لە بنەماڵەی پێشدادی پێشینانی مادەو مادیش پێشنانی کوردن، دەکەوێتە سەرەتای چاخی دوای بلاستۆسینی. واتە سەرەتای سەردەمی بەستەڵەک لە کوردستاندا[3]. کە بەو بۆنەیەوە کراوەتە نەورۆز، بە هۆی وەرچەرخانی ئاڵوگۆڕی ئاووهەواوە.

لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە بۆمان، کە نەورۆز دوای سەردەمێکی زۆر سەخت و گران، دوای قات و قڕی و ناخۆشی ژیان کە ژیانی دژوار و پڕ ئاستەنگ بووە. میللەت ژیانیان گۆڕاوە، بەرەو ڕووی وەرزی بەهارو سەوزایی و هاتنە دەرەوەیان لە کونی ئەشکەوت، بۆ ژیانی خێو پڕ پیت و فەڕی کوردستان و ڕزگاربوونیان لە بێ یاسایی تارێکی و ب و نەهامەتی هاتۆتە کایەوەو بەو ڕۆژەیان وتووە نەورۆز.

دوای ئەم نەورۆزەش، نەورۆزێکی تر کە دەکەوێتە دوای نەورۆز سروشتی و نەورۆزی جەمشیدی دامەزرێنەری سیستەمی یەکەم دەوڵەت، حوکمی ئەژدەهاک بە لادان و کوشتنی جەمشید بەرپا دەبێت و ستەمکاری زۆر لە کورد دەکات. جارێکی تر نەورۆزی ڕزگاری و سەرفرازی کورد لە دەستی ئەژدەهاک نوێدەبێتەوە، و لێرەوە داستانی کاوەی ئاسنگەرو ئەژدەهاک ڕوودەدات و کاوە سەردەکەوێت بە سەریدا و دەسەڵاتی ئەژدەهاک لە ناو دەچێت و نەورۆزی نەتەوەیی کورد لێرەوە سەرچاوە دەگرێت و دسپێدەکات[4].

حیلمی عەلی شەریف دەربارەی داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان دەربارەی ئەنجامی ئەم باسە دەڵێت ((جەژن بووە بە سێ جەژن، جەژنی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت و جەژنی ڕزگاربوون لە قات و قڕی زستان و جەژنی ڕوخاندنی شایەکی زۆرداری ڕژێمێکی کویلەیەتی))[5].

---

[1] حیلمی عەلی شەریف: 49.

[2] دیاکۆنۆف، میدیا: 638. بۆ هەمان مەبەست بڕوانە: د. عبدالله رازی، تأریخ کامل ایران:4.

[3] دکتور ذبیح الله صفا، تأریخ حماسه سراین در ایران،: 457، بۆ ئەمە بڕوانە: هـ. أ. رایت، العصر البلاستوسینی في کوردستان، ت: فؤاد حەمە خورشید: 82.

[4] حیلمی عەلی شەریف: 29.

[5] د. جواد برومند سعید: 205.

## رووداوی نەورۆزی کورد کەی بووە؟

نەورۆز کاوەی کورد بە کوشتنی ئەژدەهاك، ڕێکەوتی ڕۆژی 16میهرە[] واتە لە مانگی میهر دەکەوێتە سەرەتای پایزەوە. ئەم جەژنەی نەورۆزی کاوەی کورد (169) سەدو شەست و نۆ ڕۆژ جیاوازە لە نەورۆزی جەمشیدی کە دەکەوێتە سەرەتای بەهار ڕۆژی 3/21 مانگی مارتە[2]، واتە مانگی فەرەوەردینی ئێرانی.

نەورۆزی کاوە لە سەردەمە کۆنەکاندا، سەری ساڵە جەژنی میهرەکانە، کە نەورۆزی کاوە دەگرێتەوە لای ئێرانییە کۆنەکان (ئارییایی). جەژنی نەورۆز لە مانگێکدا، وەکو جەژنی ڕەمەزان و قوربان جێگیر نەبووە دواتر خرایە سەرەتای بەهار. دواتر لە سەردەمی سوڵتان مەلەکشای سەلجوقی لە ساڵی 467 کۆچیدا، لیژنەیەکی لە زانایان وەکو عومەری خەیام و عەبدولڕەحمان ئەلخازنی و موزەفەر ئەلئیسفزاری بۆ جیاکردنەوەی تەقویم پێکهێنا[]. لیژنەکە ساڵی هەتاوی ئێرانی هەموارکردو، نەورۆزی لە یەکەم مانگی فەروەردین چەسپاند کە سەرەتای گۆڕانی بەهارەیە (الاعتدال الربیعی) واتە 21 مارت لە کەلوی بەرخدا بووە. ئەم جیاوازییەش بە هۆی ئەو ماوەیە بووە کە لە نێوان مانگی فەروەردین (مارت) و مانگی میهر لە پایزابووە، کە دەکاتە 169 ڕۆژ بە هۆی ساڵ پڕەوە.

## چۆن نەورۆز لە پایزەوە هێنرایە بەهار؟

ئەم جیاوازی و گۆڕانەی مێژووی ڕوودای نەورۆز، بە هۆی فەرامۆشکردنی کەم و زیادی یا نارێکی مانگەوە بووە (اهمال الکبیسه)[]، کاتێك نەورۆزی کاوە لە مانگی میهر بووە، لە پێشدا واتە لە 16 میهر، کە دەکاتە سەری ساڵی ئێرانی، ڕێکەوتی 31 مانگی ئاب بووە. واتە ڕۆژی سەرکەوتنی کاوە بە سەر ئەژدەهاکدا، بە جیاوازی 169 ڕۆژەکە نەورۆزیان لە پایزەوە هێنایە سەرەتای بەهار چاککردنی ڕۆژمێری (تقویم) ئێرانی و نەورۆز، پێشتر نەورۆز لە سەرەتای بەهاردا نەبووە، ئەویش بە هۆی فەرامۆشکردنی ساڵی پڕەوە (السنه الکبیه) بووە. ئەم ڕۆژمێرە بریتییە لە ڕۆژمێری جەلالی سوڵتان جەلالەدین مەلەکشای سەلجوقی[]. ئەمەش کارێکی گرنگ بوو بۆ چەسپاندنی ڕۆژمێری نەورۆز بە تایبەتی لەو سەردەمەدا هەروەکو ڕۆژی نەورۆز تیایدا بە نەورۆزی سوڵتانی ناونرا. هەندێك جار

---

1 محەمەد ئەمین ڕەشید: 185.

2 هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە، هەروەها عەبدولعەزیم ڕەزایی: 49.

[] حکیم عمر خیام نیشابوری، نوروزنامە، تصحیح و تحشیئة مجتبامینوي، انتشاراتی اساطیر: 89.

[] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

[] عەبدولعەزیم ڕەزایی: 17، بە (مێژووی جەلالی – مێژووی فەلەکی) ناودێر کرا.

رۆژمێری نەورۆز بە هۆی جیاوازی مەزەبییەوە وەك لە هندستان و ئێران ئەم رۆژمێرەی جەلالی بۆ نەورۆز وەرناگرن[] .

---

[] حەمەد ئەمین رەشید: : 110.

## بایەخدان بە نەورۆز

نەورۆز هەمیشە و بەردەوام جێگای بایەخ و بەرزراگرتنی بووە، لە لایەن نیشتمانپەروەران و نەتەوەییەکانی کوردەوە، ئەم بایەخپێدانە بە پێی سەردەم گۆڕاوەو بایەخی زیاتری پێدراوە، بە تایبەتی لە سەردەمی بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشی کوردا. بە شێوەی سەرنجراکێش و بە شێوەی تایبەت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوەیە بە هۆی دامەزراندن و پێکهاتنی بزووتنەوەی نیشتمانی و بلاّوبوونەوەی بیری پێشکەوتنخوازییەوە لە لای کوردی باشوری کوردستانەوە، لە رووی سیاسییەوە، سەرەتا بە زۆری لە دوای سییەکان و دواتر لە چلەکانەوە، نەورۆز برەوی وەرگرت[1].

باشترین نموونە بۆ ئەم بایەخپێدانە، شیعری نەورۆزی پێرەمێردە لە 1950دا. هەروەکو پێشتر لەم باسەدا وترا، نەورۆز بۆتە سروودێکی نەتەوەیی سەرانسەر. بە هۆی وتنەوەی ئەم سرووده، لە هەندێك کات و سەردەمدا، لە بۆنەی نەورۆزدا و لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستاندا، چەندین خەڵك لە لایەن رژێمەوە وەرگیراوە و پاشان لە سێدارە دراون، یا لە پارچەکانی تری کوردستان، خەڵك لە نەورۆزدا خۆی سووتاندووەو، بە جەستەی خۆی ئاگری نەورۆزی جۆشاندووە. وەك بۆ نموونە کچە کوردی باکور زەکیە ئالکان لە ساڵی 1991 لە سەر شورای دیواری شاری ئامەدا گری لە خۆی بەردا. دوای مانگرتنێکی زۆر لە نانخواردن تا مردن مەزلۆم دوغان، عەلی چیچەك، کەماڵ خەیری.. لە نەورۆزی 1991 لە زیندانی دیاربەکردا ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداو کۆڵیان نەدا. بۆ یەکەمجار یادی نەورۆز لە باشوری کوردستان، لە ساڵی 1937 لە شاری چەمچەماڵ کراوەتەوە[2]. لە ساڵی 1970 و لە دوای بلاّوبوونەوەی بەیانی یانزەی ئاداردا، گەورەترین و بە شکۆترین شێوە یادی نەورۆز لە دێی حەساری گەورە نزیك شاری کەرکوك کرا. دەوری شەست هەزار کەس لە پارێزگای کەرکوك و ئەملاو ئەولاوە ئامادەی یادەکەی بوون[3]. من بۆ خۆم ئەو کاتە قوتابی پۆلی چوارەمی گشتی ئامادەیی بوم لە کەرکوك، ئەم یادە بە سەرپەرشتی خودی شەهیدی نەمر فاخیر مێرگە سووری فەرماندەی هێزی رزگاری ئەوسا کراو بەرێزان ئیدریس و مەسعود بارزانی و وەفدێکی یاوەریان ئامادەی بوون، تا شەو بەردەوام بوو، رێگای گەڕانەوە بەرناکەوت بەرەو کەرکوك.

ئەم بایەخپێدانەی نەتەوەی کورد ساڵ بە ساڵ بە دەگمەن نەبێ لە هەڵکشاندابووە، بە تایبەتی لە دوای روخاندنی رژێمی سەدام لە 2003/4/9دا واتە لە سەردەمی ئازادی و سەرفرازی باشوری کوردستاندا. لە باکوری کوردستان هەر لە دوای ساڵی 1991 راپەڕینی کوردو گۆڕانکاری نەمانی ئوردۆگای سۆشیالیستی سالاّنە بە هەزاران هەزار تا لە ساڵی 2012 و 2013دا گەیشتە دەوری ملیۆن و نیو تا دوو ملیۆن کەس، لە یادی نەورۆز لە شاری

---

[1] محەمەد ئەمین رەشید: 193.

[2] ئەمەم لە دەم د. کامیل بەسیرەوە، لە ساڵی 1977 لە بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سلێمانیوە بیستووە.

[3] شەوەکەی لە هەواڵەکانی تەلەفزیونی ئەوسای کەرکوك لە بیرمە ژمارەکە راگەیەنرا.

ئامەدا، کە لەوێدا پەیامی ئاشتی سەرۆك ئۆجەلان بڵاوکرایەوە[1]. نەورۆز لەم ساڵانەی دواییدا، لە زۆربەی وڵاتانی دنیا لە لایەن رەوەندو پەنابەرانی کوردەوە دەکرێتەوە، ئەمە بێجگە لە کوردانی ئەرمەنستان، ئازربیجان، جۆرجیا، ئۆکۆانیا و ئیسرائیل و لوبناندا.

ئەم بایەخدانە بە نەورۆز بە تایبەتی لە عێراقدا، ئەوە نەبێت هەر لای کوردەوە بووبێت. بەشکو لە لایەن خودی پێشەوا عەبدولکەریم قاسمەوە لە ساڵی 1959 خۆی ئامادەی ئاهەنگی نەورۆز بوو. کە لە سینەمای سەمیرامیس لە بەغدا بەڕێوەچوو، وتاریشی بەو بۆنەیەوە پێشکەشکرد. کەچی دوای پەنجاو چوار ساڵ لەو مێژوودا مەحمود ئەحمەدی نژادی سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئیچران نەورۆزی 2013 قەدەغەکرد.

بەڵام کورد گوێی پێنەداو گەورەترین نەورۆز لە دەوروبەری شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشکۆیەکی مەزن و بە هەزاران کەس ئامادەی بوون. لە سوریاش دەسەڵاتی کەلتورو فەرهەنگی کوردی بە گشتی بەرتەسککردۆتەوە، بەڵام کورد خۆیان لە رۆژئاوا یادی نەورۆزیان کردۆتەوە.

## فەرمیبوونی نەورۆز

گەورەترین بایەخپێدان بە نەورۆز، ئەوەبوو بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دانیشتنی دەورەی شەست و چوارەمیندا، بە پێی بەندی 49ی بەرنامەی کارەکانی، لە رۆژی 2010/5/10دا نەورۆز کرا بە جەژنێکی جیهانی. ئەمە وەرچەرخانێکی گەورەیە لە مێژوودا. هەرچەندە بە ناوی ئەوەی (نەورۆز ریشەکەی ئێرانی- فارسی)[2] یەو لە کوردیان داماڵاند. پێویستە کورد بە شێوەیەکی هەمەلایەنە و مکوممەوە کار بکات بۆ چاکردنی ئەو بڕیارە و بە جەژنێکی گشتی ئارییایی ریشە کورد بناسرێت، نەك ریشەی ئێرانی- فارسی.

بایەخدان و گرنگێدان بە نەورۆز، ئەوەتا لە لایەن ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکاو بانی کی مۆن سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان و خاتۆ هیلاری کلینتونی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هەریەکەی بە پەیامێکی تایبەتی نەورۆزیان لە 20/ئاداری 2009دا پیرۆزکرد[3].

پێویستە لێرەدا هێما بۆ رەسمیبوونی یادی نەورۆز لە سەرەتای پەیدابوونیەوە بکەین. کە لە سەردەمی جەمشید پاشای دەوڵەتی پێشدادییەوە دەستپێدەکات، کاتێك فەرمانیدا بە خەڵك و رەعیەتەکەی بەوەی یادی نەورۆز بکەنەوە، رۆژێکی پیرۆزەو لەم رۆژەدا سوپاسی خوا بکەن و خۆیان بە ئاوی پاك بشۆن و بە چۆکا بێن بۆ خودا. بەم

---

[1] من خۆم ئامادەی ئەو نەورۆزە بووم، کە لە سەر بانگهێشتکردنی پەدپە بوو، بە وێنەیەك خەڵکی میوان لە ماڵەکاندا دابەشکران و میوانداریيان لێکرا.

2 د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، نەورۆزی کورد.. لە ئەفسانەوە بۆ جیهانی بوون، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر 2012، 5.

3 د. مەولود ئیبراهیم حەسەن : 130-133.

ڕۆژە نوێیەیان وتووە نەورۆز یا نەورۆزی تایبەتی کە ڕۆژی هاتنە سەر تەختی جەمشید و کارە چاکەکانێتی ئیتر ئەو ڕۆژە کراوەتە جەژنێکی گەورە[1]. واتە کاتی جەمشید هەستی بەم ڕۆژە کرد کە دەکەوێتە یەکەم ڕۆژی مانگی فەروەردینە، ئاهەنگیان بۆ گێڕا و ناونرا نەورۆز بۆیە فەرماندرا بە خەڵك ئاهەنگ بگێڕن کە مانگی فەروەردینە، لە هەموو ساڵێکدا دێت و ئەم ساڵەیان بە ڕۆژێکی نوێ دانا.

دواتر پاشاکانی دوای جەمشیدیش هاتنی ئەم یادەیان دەکردەوەو شوێن پێ جەمشیدیان هەڵگرت و هەموو ساڵێك لەو کاتەدا گەشی و خۆشییان دەردەبڕی[2].

خەیام دەڵێت: جەمشید لەم ڕۆژەدا فەرمانیدا:

حەمام دروستبکەن، ئاوریشم و حەریر بچنن، گەوهەری جۆراوجۆر لە گۆگرد دەربهێنن و، جۆرەها چەك دروستبکەن و جوانکارییان بۆ بکەن. هەروەها تاج و تەختی شایی دانا، مۆرو جۆرەخا بۆنی وەکو مسك و عەنبەرو کافورو زەعفەران دروستکرا، یاسای وڵاتەکەی بەم بۆنەیەی نەورۆزەوە دانا، سەرەتای دادپەروەری لە نێوان خەڵکەکەیدا بڵاوکردەوە، خەیام وەکو مێژوونووسانی پێش خۆی باسی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی لای جەمشید نەکرد[3].

## نەورۆز لە سەردەمی ئیسلامدا

تا سەردەمی هاتنی ئاینی ئیسلام نەورۆز لای میللەتانی ئاری ڕەگەز یادیکراوەتەوەو بایەخی پێدراوە. لە سەردەمی خەلیفە ئیمام عومەردا ئالای نەورۆز یا ئالای کاویانی کە لە بنەڕەتدا سەرکەوڵەچەرمەکەی کاوەی ئاسنگەر بووە، ناویان ناوە (درەوشی کاویانی)[4]. جەواهێری پێوە هەڵواسراوە، هەر پاشایەکیش دوای فەرەیدون هاتبێت، ڕێزی ئالاکەی گرتووەو زیاتر رازێنراوەتەوەو گەوهەری زیاتری پێوە هەڵواسرازو تا گەیشتۆتە زەمانی یەزدەگورد کاتێك گەیشتۆتە دەس ئیسلام، ئالاکە کەتۆتە دەس لەشکری موسڵمانان و ناردوویانە بۆ لای خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب. ئەویش فەرمانیداوە جەواهیرەکەی لێبکەنەوە و بیسووتێنن[5].

لە سەردەمی ئیمام عەلیدا، کە پێشتر لە سەرەتای ئەم باسەوە هێمامان بۆ کرد بایەخدراوە بە نەورۆز و یادی نەورۆز. کاتێك شیرینی پالودە بە بۆنەی نەورۆزەوە پێشکەشی دەکەن، ئیمام عەلی دەڵێت ئەمە چییە؟ پێیدەڵێن شیرینی نەورۆزە، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت با هەموو ڕۆژێك نەورۆز بێت. ئەمە لە سەرەتای ڕۆژگاری خەلافەتی

---

1 حیلمی عەلی شەریف: 10.

2 حیلمی عەلی شەریف: 10، هەروەها د. جواد برومند سعید: 206.

[3] الخیام، نوروزنامه، تحقیق مجتبی مینوی، تهران، مطبعة روشنایی، تهران 1312: 8-9 .

[4] محەمەد ئەمین ڕەشید: 23.

[5] حیلمی عەلی شەریف: 34.

ئیمام عەلی بووە. لەمبارەیەوە د. حسین مەحفوز وازەندەکات. ئەم ریوایەتە، لە کۆتایی سێیەکی یەکەمی (الیلپ الاول) لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا، لە ئاداری ساڵی 655ز رویداوە، کە لەو بۆنەیەدا نوعمانی کوڕی مەرزەبان باپیری باوکی حەنیفە کە نازناوەکەی رابەری مەزنە (الامام الاعظم) شیرینییەکەی پێشکەشی ئیمام عەلی کردووە.

لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا، هێما نییە کە یادی نەورۆز کرابێتەوە، هۆی ئەمە بۆ توندوتیژی ئەمەوییەکان دەگەڕێتەوە، بەرانبەر بە کەلتورو داب و نەریتی غەیرە عارەب. ئەمانە تەنیا خۆیان بە رەسەن و خاوەن شارستانیەت زانیوە. تەنانەت ئەو خەڵکە ناعارەبانەی کە لە سەر ئاینەکانیش تریشەوە چوونە ناو ئیسلامەوە. ئەمان بە موسڵمانی پلە دوویان داناون.

نەورۆز لە سەردەمی عەباسییەکاندا گەشاوەتەوە، لە لایەن رابەرەکانیانەوە وەکو متوکل یادکراوەتەوە، ئەمەش بەندە بە یارمەتی ئێرانییەکانەوە بۆ عەباسییەکان لە دژی ئەمەوییەکاندا. رابەرو وەزیرەکانی هاوبەشی خەڵکیان لە بۆنەکاندا کردووە. وەك نەورۆز کە شاعیرەکانیان بە نەورۆز شیعرەکانیان رازاندۆتەوە. لای خەلیفە ئەلموعتەزدیش یادکراوەتەوە، بەیرونی و جاحیز بایەخیان بە باسی نەورۆز داوە وەکو نووسەرانی عارەب.

لە بۆنەی یادی نەورۆز لەم سەردەمەدا دیاری گۆڕاوەتەوە، بە بۆنەی نەورۆزیشەوە شیعری نەورۆزیات هەیە. لە رۆژی یادەکەدا، دیاری زێڕوزیو دراوە، باجی دەرچووە (چریبە الخراج- خەرج و باج)[1] لە نەورۆز سەنراوە، گوڵ و بۆن پێشکەش متوکل کراوە.

نەورۆز لە سەردەمی عەباسیدا، رۆژگارێکی تەواو گەشاوەتەوە، بۆتە جەژنی رەسمی لە دوای روخانی ساسانییەکان ئاهەنگی خۆشییان گێڕاوە، میری نەورۆز هەڵبژێردراوە، جلی رەنگاورەنگیان لە بەر کردووە، بە سواری جادەکان گەڕاوە، کەسی واش هەبووە دەم و چاوی ئارداوی کراوە، ئەمە بۆ خۆشی یادی نەورۆز بووە[2].

لێرەدا هۆی یادکردنەوەی نەورۆز لە لایەن عەباسییەکانەوە، بە باوەڕبوون بە نەورۆز نەبووە. بەڵکو لایەنی بەرژەوەندی وایکردووە، بەوەی ئێرانییەکان یارمەتییان دژی ئەمەوییەکان بۆیە یادیان کردۆتەوە، چونکە ناووناتۆرە خراپ و دژ بە کورد و گەلانی ئێرانی و ئاری رەگەز لای عەرەب زۆر هەیە، بە ئاگرپەرست و مەجوسی و جنوکە ناویان دەبەن.

بە تایبەتی لە دژی کورد، تەنانەت شاعیرەکانیان هی وایان هەیە بە نیشانەی گەندەڵی ناو ئیسلامیان زانیون و ئەوەیان لە شیعرەکانیاندا راگەیاندووە، چۆن دەبێت مناڵی (موالی) حوکمی ئیسلام بکات و پێیان وابووە گەندەڵی دەکات ئەمە لە شیعری شاعیرانی وەکو المتنبی، ابو عەلای ئەلمەعری... هتد دەبینرێت. لە پەراوێزی ئەم باسەوە، جێگای خۆیەتی ئەوە دیاریبکەین. کە لە سەردەمی پەیدابوونی دەوڵەتی مەزەبی و نەتەوەیی، دوای عەباسییەکانی میراتگری ئیسلام، بۆ نموونە لە ماوەی سەردەمی دسەڵاتی عوسمانانلی و قاجاری و سەفەوی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی عارەبی، وەك سوریان، عێراق، ئێران، و تورکیاو ..هتد. نەورۆز وەکو نەورۆزی نەتەوەیی، بە تایبەتی بۆ کورد، نەك هەر یادی نەکراوەتەوە، بەڵکو هەوڵیان بە بەرنامە داوە، هەموو کەلتوری کورد لە ناو بۆتەی کەلتورو و فەرهەنگی

---

1د. حسین محفوز، النوروز فی الادب العربی، مجله کلیه الاداب، العدد9، 1961. بۆ ئەمە بڕوانە: محەمەد ئەمین رەشید: 3-4.

[2] محەمەد ئەمین رەشید: 97.

نەورۆزی تورك، فارس و عەرەب بتوێننەوەو، ئاسەواریان نەهێڵن. تا بە هۆیەوە نەورۆز کوردیش لە ناو خۆیاندا بتوێننەوە. بەڵام لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا، نەیانتوانیوە بەرانبەر بە کورد، ئەم سیاسەتە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، بە سەرکەوتوییەوە جێبەجێ بکەن، چونکە کورد لەم بەشەدا پابەندی نەورۆز و زمانەکەو فەرهەنگی خۆی بووە. هەر بەشێکی تری کوردستانیش تایبەتێتی خۆی هەبووە و جیاوازبووە لە بەشێکی تری.

لە کۆتایی ئەم باسەوە، دەکرێت و جێگای خۆیەتی بڵێین، بارودۆخی سیاسی کورد، بە گشتی لە دوای ساڵی 1991ەوە بەستەڵەکی سیاسی چەقبەستوو دژ بە کورد گۆڕانی بە سەردا هات، لە ئەنجامی نەمان و کۆتایی بوونی سیاسەتی دوو جەمسەری دنیا، کە جیهانی سیاسەتی دابەشکرد بە سەر دوو لادا.

## نەورۆز و كەلتوور

نەورۆز و هەموو جەژنەكانی تری ئەم گەلانە، وردە وردە بۆتە بەشێك لە میرات و كەلەپوری مێژوویی رۆشنبیری و دەروونی خەڵكەكەی[1]. بە شێوەیەكە كاریگەری بە سەر كۆمەڵ و میللەتەوە بەجێهێشتووە. هەر ئەم كاریگەرییە بۆتە ئەوەی بە درێژایی مێژوو كەلتورێك پێكبهێنی كە لە رووی كۆمەلآیەتییەوە بەرز رادەگیرێت و پێوەی دەناسرێتەوە. كەلتورێكە رێورەسمێكی تایبەتی بە خەڵكەكەی بەخشیوە، بە تایبەتی لە رووی چۆنیەتی یادكردنەوەیدا، كە میللەت پابەندبووەو لێ لانادات. وەكو: چوونە دەرەوەی بۆ ناو سروشت، چۆنیەتی جلوبەرگ پۆشینی و نانخوادرن و جۆرەكەی، گەیشۆتە رادەیەك لە رۆژی نەورۆزدا، بە دەگمەن یا زۆر بە كەمی خەڵك لە ماڵدا دەمێنێتەوە.

ئەم میرات و كەلەپورو رۆشنبیرییە، لایەنی سیاسی و ئابوری بەرێكەوتنی هەلومەرجی نوێ و، پێشكەوتنی سیاسی و ئابوری و كۆمەلآیەتی، دوای تێپەڕبوونی سەدان و هەزاران ساڵ، بە سەر دامەزراندنی بەرگی كۆنی جارانی لێ داماڵراوە و بە بەرگێكی نوێوە هاتۆتە كایەوە. لە جەژنی چین و كۆڕوكۆمەڵێكەوە، بۆتە جەژنی ئاشتی و ئاسایش و بەختیاری. نەورۆزی ئاریایی رەگەز بە گشتی و نەورۆزی كورد بە تایبەتی ئەفسانە پۆشكراوە[2]. ئەمجا ئایە دەتوانێ ئەو لایەنە ئەفسانەیە، بە بەڵگەوە پوچەڵ بكاتەوە.

راستی نەورۆز بە هۆی ئەم خاڵانەو هۆیانەی خوارەوە:

1- رەسەنی جەژنی نەورۆز لە مێژوویی كوردا.

2- پەیدابوونی داستانی كاوەی ئاسنگەر لە سەرچاوەیەكی مێژووییەوە.

3- موتوربە بوونی نەورۆز بە داستانی كاوەو دەفگرتنی نەورۆزی كورد لەم بەرگە گرنگ و بایەخدارەی ئێستادا.

## نەورۆز و سیستەمی دەوڵەت

جەژنی نەورۆز، جەژنێكی زۆر كۆنی گەلانی ئارییاییەو، جەژنی دامەزراندنی یەكەم سیستەمی دەوڵەتە لە ناو بەشێكی ولآتی ئەم گەلانەدا. لە بەر ئەوەی خەڵك لە سەرگەردانی و بێ یاسایی و نائارامی و نەبوونی رزگاریان بوو. بۆیە ئەو رۆژەیان كرد بە نەورۆز. كوردیش لەم رۆژە بایەخدارە بەشدارە، ئەگەر هەر خودی جەژنەكە، بە بۆنەی دامەزراندن دەوڵەتەوە، لە خاكی خۆیدا نەهاتبێتە كایەوە. رۆژی نەورۆز لە ناو كورد و لە مێژوودا بە بەردی

[1] حیلمی عەلی شەریف: 15.

[2] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

بناغەی شارستانێتی لە قەڵەم دەدرێ، جەمشید ئاینی دادپەروەری ڕاگەیاندو یەکسانی نێوان مرۆڤ چەسپا و برایەتی هێنا و بەندییەکانی ڕزگارکردو کەسی لە کەسی تر بەرزترنەبووە [1].

لێرەدا دەردەکەوێت کە کورد خاوەن یەکەم شارستانیەت و دامەزراوەی دەوڵەتە لە سەر پاکی مێژوویی مرۆڤایەتیدا، یاسای ژیانی ڕێکخستوە، مرۆڤی لە بەرەڵایی و قات و قڕی ڕزگارکردووە.

کەواتە کورد یەکەم نەتەوەیە کە بۆتە خاوەن شارستانیەت.

## چۆن نەورۆز بۆتە یەکەم شارستانیەتی کورد؟

نەورۆز بۆ کورد و لە مێژوودا بە بەردی بناغەی دامەزراندنی یەکەم شارستانیەت دادەنرێت. لەم ڕۆژەدا سیستەمی دەوڵەت دامەزرا. هۆی بوونی شارستانیەتەکە بە هۆی نەورۆزەوە لەم خاڵانەی خوارەوە دیاریدەکرێت:

1- جەژنی نەورۆز لە ڕۆژی پەیدابوونییەوە، ڕۆژێکی نوێیە، سەرەتای شۆرشێکی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی ئاینێکی نوێیە لەسەر بنەمای سەرکەوتنێکی گرنگ سەرکەوتووە.

2- جەمشید لەسەر بنەمای فێرکردن و دید و بۆچونی خۆی کە یەکەمین فێرکاری هەیە بۆ یەکسانی بوونی دامەزراندووە .

3- لە حکومەتی نوێی دامەزراوی جەمشیدا هەموو خەڵك لە ڕووی مافی کۆمەڵایەتی و یەکسانییەوە دامەزرابوو.

4- پلە و تایبەتێتی چینایەتی بۆ هیچ کەس نەبووە.

5- دزی و ستەمکاری نەماوە لە ئاوایدا[2].

6- سوود لە گۆگردی ژێر زەوی وەرگیرا [3].

هەموو ئەم کارانەی سەرەوە لە نەورۆزدا، هاتۆتە کایەوە، جەژنی نەورۆز، جەژنێکی زۆر کۆنکی گەلانی ئارییایە و، جەژنی دامەزراندنی یەکەم سیستەمی دەوڵەتە.

جێگای خۆیەتی لێرەدا بڵێن کورد ئەم شارستانیەتەی لە ئەنجامی هێرشی گەلانی ئاشوری، بابلی، عیلامی و گریگی و دواتریش بە هاتنی لەشکری ئیسلام بۆ کوردستان لە دەستدا. وڵاتی کوردیان لەو شارستانیەتە داماڵی و، ئەوەی بە کەڵك بوو بۆ خۆیان بردیان و شارستانییەتیان. ئەم شارستانییەتە دێرینەی کوردە، لەو کاتەوە، کەوتنە وێزەی کورد و کردیانە نەتەوەیەکی بندەست و بێدەسەڵات. لە لایەکی تریشەوە هەروەکو وتمان شارستانیەتەکەیان لێدزی. دەوری سەلاحەدینی ئەیوبیش بە شەڕکردنی لەگەڵ میللەتانی خاچپەرست و سەرکەوتنی بە سەریاندا، ئەم

---

[1] د. جواد برومند سعيد: 337- 338.

[2] د. جواد برومند سعيد: 205.

[3] حیلمی عەلی شەریف: 99-100.

ئەورووپییانە بوونە دوژمنی کوردو، بۆیە بڕیاریاندا وڵاتەکەمان دابەشبکەن و پارچە پارچە هەریەکەی بیدەنە دەم وڵاتێکەوە و بە هۆیەوە کورد توشی نەهامەتی و کارەساتی گەورەی مرۆڤایەتی بێت و سیاسەتی قڕکردنی ڕەگەزیان وەکو ئەنفال واتە لە ناوبردنی مرۆڤەکەی و ڕوخاندنی وڵاتەکەیش لە دژدا بەرپاکرد. ئەگەرچی ئەنجامەکەی گەیشتە ڕادەیەك سەری هەندێك دوژمنی بخوات و پارچەیەکی نیشمانەکەی ڕزگار بێت و گۆڕانکاری گەورەش لەوانی تردا ڕویداوەو هەنگاوی بەرەو ڕزگاری و سەرفرازی ناوە. نابێت جەژنی زەردەشت و ئاینەکەی و کتێبی پیرۆزی ئاوێستای ئاینەکەی لێرەدا لە بیر بکەین، کە دواتر بۆتە تەواوکەرێکی بیری (فکری) و بڕوایی و باوەڕی مەزن بۆ شارستانیەتەکەی کە بە هۆی نەورۆزەوە دامەزراوە.

واتە کورد نەتەوەیەکە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، دەتوانین بیسەلمێنین بەوەی خاوەن یەکەم شارستانیەتە لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا، بە دوو ڕووداوی وەك:

1- نەورۆز

2- ئاینی زەردەشتی و کتێبی ئاوێستا کە ناوەڕۆکی ئاینەکەی لە سێ دروشمدا کورتکراوەتەوە لە لایەن حەزرەتی زەردەشتەوە کە بریتیە لە:

بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك. ئەمەو بوونی یەکەم مرۆڤ کە لە ئەشکەوتەکانی کوردستاندا، دوای وڵاتی چین، بە سەد هەزار ساڵ ژیاوە، بەڵام ئەوەی گرنگی کورد و وڵاتەکەی، لە وڵاتی چینی جیا دەکاتەوە لە مرووەوە، ئەوەیە بێجگە لە بوونی ژیانی مرۆڤ کۆن لە کوردستاندا، ئەو مرۆڤانە ئامێرو ئامرازی کشتوکاڵییان دروستکردووە، کە بە هۆیەوە سودیان بۆ کردنی کشتوکاڵ لێ بینیووە.

بەڵگەشی بۆ ئەم ڕاستییە، جێمانی ئەو لاشانو ئامێرانەیە کە لە تەنیشتیانەوە لە ناو ئەشکەوتەکانەوە دوای هەزاران ساڵ لە لایەن پشکنێرە ئەوروپایی و ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە دۆزرانەوەتەوە. بۆیە بە شێوەیەکی زانستی و دوور لە دەمارگیری نەتەوەیی، مافی خۆمانە بە نەتەوەکانی سەر ئەم زەمینە پان و بەرینە بڵێین: ((کورد لە کوردستاندا خاوەن یەکەم شارستانیەت و ئاینی تاکانانەیە)) لە جیاتی شانازیکردن پێوەی، ئێوەی گەلانی دنیا، چاوتان خەواند لە ئاست نەهامەتی و ماڵوێرانی و دابەشکردنی وڵاتەکەیان و دابڕانی نەتەوەکەی لە یەکتر و براتان لە برا کردو، بە سیمێکی دڕکاوی و تیژەوە نیشتمانەکەتان کرد بە چوار و بە پێنج و، نەتەوەکەشی کە خاوەن شارستانیەتە، کردتان بە جنۆکە و تورکی شاخاوی و یا بە دێوودرنج و دەعبا.

ئەمڕۆ بێ یا سبەی، خەریکە کورد دەگاتە دوا مەبەستی، بە گرتنی ڕێگای دیموکراسی و بە باوەڕی پێکەوەژیان و دڵسافی و ، بە ئاوەدانکردنەوەو پیشەسازی ئەمە دەسەلمێنێ، کە جارێکی تر و دوای هەزاران ساڵ، کورد دەبێتەوەو دەچێتەوە سەر خوانی یەکەم شارستانێتی و ئێوەش دەبێت دان بەمەدا بنێن.

## ئەنجام

1- نەورۆز بابەتێکی ئاڵۆز و چڕ و پڕە، بەندە بەلایەنی مێژووی، ئەفسانەیی، جوگرافی و سروشتی، ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەمە وای کردووە ئاوێتەی زۆر بابەت و باس و خواز بێت

2.-

3- نەورۆز سەرەتای رۆژ و ساڵێکی نوێیە، بە واتای رزگاری لە دەست ستەمکاری و خوێنرێژی و سەرفرازی گەل و رزگاری و ئاسودەیی وڵات دێت.

4-

5- نەورۆز چ وەکو رووداو یا بۆنە و بابەت پیرۆزی بەخۆییەوە گرتووەو پێگەیەکی بەرزی هەیە.

6- نەورۆز بریتیە لە گۆڕانی ئاووهەوا وکۆتایی چاخی بەستەڵەك و سەهوڵبەندان، کە سروشتی وڵاتی ئاریازەمین و کوردستانی بە سەدان ساڵ گرتبووە.

7- نەورۆز لە مێژووی نیشتمانی ئاریانادا، وەرچەرخانێکی مێژووی بەرپاکردووە.

8- نەورۆز چووەتە ناو فەرهەنگی گەلانی ئاری و رۆژهەلاتییەوە، بیجگە لە گەلانی ئاری، ئازەری و تورك و عەرەبیش لە هەندێك ولاتدا یادی دەکەنەوە.

9- رووداوی نەورۆز بێجگە لە روو ئاینیی و سروشتییەکەی، لای کورد رووی نەتەوەییشی هەیە و بە پلەی سێیەم دێت و ئەفسانەپۆشش بووە.

10- نەورۆز سەرەتای روودانەکەی لە رووی ئاینییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ رۆژی یەکەمی خورداد لە مانگی فەروەردین، چونکە پەروەردەگار بوەرو ئادەمی دروستکردووە، بۆیە کراوەتە نەورۆز، واتە رۆژی جەژن.

11- نەورۆزی گۆڕانی سروشتی لە ساڵێکدا، دوو جار کراوە، جاری یەکەم بە کۆتایی زستان و هاتنی سەرەتای بەهارو دووەمیشیان بە کۆتایی هاتنی وەرزی گەرماو هاتنی وەرزی زستان. لە هەردووکیاندا کراوەتە جەژن و شادی، لە بەر ئەوەی تویێشوی زستان لە وەرزی هاویندا دابینکردووە.

12- نەورۆزی نەتەوەیی لە سەرەتاوە لە پایزدا و لە رۆژی 16 میهر بووە. پاشان بە هۆی جیاوازی ساڵی سادەو ساڵی پڕەوە (سنه کبیسه) کە ماوەکە 169 رۆژ، واتە پێنج مانگ و نۆزدە رۆژ لە مانگی میهر واتە لە پایزدا خراوەتە مانگی فەروەردین کە سەرەتای بەهارە

13- نەورۆزی نەتەوەیی بووەتە نەورۆزی نەتەوەی کورد، واتە لایەنی سیاسی و نەتەوەیی بە خۆیەوە گرتووە، بۆتە رۆژی ئازادی و راپەڕین و نوێکردنەوەی خەبات. چونکە قوربانییەکانی دەستی ئەژدەهاك و رزگاربووەکانیش لە تیری گورد (کورد) لە نەسلی پەهلەوانان بوونە،

14- ئەژدەهاك کەسێکی عارەبی یەمەنییە، نەك کورد، بە هۆی گۆڕانکاری دەنگییەوە لە (زوحاك)ەوە گۆڕاوە بۆ ئەژدەهاك.

15- داستانی ئەژدەهاك و كاوەی ئاسنگەر، پێش مادو دەوڵەتی مادو ئاستیاكی پاشای چوارەمی مادەكانە. چونكە ناوی جەمشید، ئەژدەهاك و فەرەیدون لە ئاوێستادا هاتووە. ئاوێستاش پێش ئاستیاك و مادە.

16- نەوروز بە سێ قۆناغدا یادكردنەوەی تێدەپەڕێت، وەك قۆناغی چوارشەممە سوورە، قۆناغی رۆژی نەورۆز و پێش نەوروز و، قۆناغی سێزدەبەدەر، ئەم جۆرەش بە زۆری لە وڵاتی ئێراندا هەیە، و لە بەشی تری كوردستاندا جۆرێكی ترە.

17- لە دوای جەنگی جیهانی یەكەمەوە، لە باشوری كوردستان زیاتر بایەخ بە نەورۆز دراوە .

18- بۆ یەكەمجار بە شێوەیەكی گەورە ئاهەنگی نەورۆز، لە ساڵی1937 لە چەمچەماڵ كراوە، دواتریش پیرەمێرد وەكو نەریتێكی ساڵانە ئاهەنگی نەورۆزی لە گردی مامە یارە لە سلێمانی یادكردۆتەوە.

19- لە ناو مەلیك و شاو سەرۆكەكانی كە وڵاتی كوردیان تیادا دابەشكردووە، پێشەوای نەمر عەبدولكەریم قاسم لە هەموویان زیاترن بایەخی بە نەورۆز داوەو خۆی بە وتار خوێندنەوە بەشداری نەورۆز لە 1959داكردووە.

20- بەرزی و رووی سیاسی نەورۆز، بووەتە هۆی داهێنانی سروودی مارسیلیای نەتەوەیی كورد وەكو سروودی (ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە)ی پیرەمێرد و دواتریش جەژنە جەژنی كوردستانەی ع.ع. شەونم.

21- نەورۆز لە شیعر و ئەدەبیاتی كوردی، فارسی و عەرەبی رەنگیداوەتەوە. لە ناو هەموو ئەمانەدا نەورۆزەكەی ئەحمەدی خانی و پیرەمێرد دیارن.

22- لە مێژوویی هاوچەرخیشدا شێوازی ئاهەنگی نەوروز گۆڕاوە بە گەشت و سەیران لە سروشتدا، لە سەردەمی حكومەتی كوردستانیشدا، سێ رۆژ كراوەتە پشوی فەرمی.

**سەرچاوەکان**

1- د. احمد محمود الخليل، مەملەکەتی ماد، وەرگێڕ: خەمە سەعید کەلاری، هەولێر .2013

2. ابو ریحان البیرونی، التفهیم، بە کۆشش جەلال الدین همایی، تهران 1362.

3. انور مائی، الاکراد فی بهدینان، مطبعة الحسان، الموصل، 1960.

4. البیرونی، الاثار الباقیة عن القرون الخالیة، ت: اکبر دانا سروشت.

5. ابراهیم مشکور زاده، عقائد و رسوم عامە، مردم خراسان، تهران 1346.

6. الجواليقي،المعرب في الكلام الاعجمي ، طبع ليزك،1867م

7. الخیام، نوروزنامە، تحقیق مجتبی مینوی، مطبعة روشنایی، تهران 1312.

8. المحاسن و الاضداد، تصحیح محمد امین الخانچی الکتبی، القاهره 1324.

9. الفردوسی ابو القاسم، الشهنامە، ت: الفتح بن علی البنداری، تحقیق د. عبدالوهاب عزام، القاهره 1932.

10. القص مرقس سیرجیوس، النیروز، رأس الاعیاد المصریە، مجلە مار جرجیس، العدد (7)، القاهره 1965.

11. الفیروز الابادی، القاموس المحیط، چ1، عدد (9)، القاهره 1961.

12. المعجم الوسيط/2، القاهرة 1961.

13. اینو ستراستئف ( کنستانتین)، تحقیقاتی دربارەء و ساسانیان ( عید بهارستان)، ت: کاظم طاظم زادە، تهران، 1351.

14. بابا شێخ حسینی، هامشی بردانش زبانشوناسی، سنندج .1383

15. د. بهرام فرەوشی، فرهنگ پەهلەوی بە فارسی، دانشگاه تهران، شماره 1749، 1381 ش.

16.بیرنیا(حسن مشیر الدولة)،تأریخ مختصر ایران تا انقراض ساسانیان، مطبعة مجلس،تهران 1308.

17. دکتر پرویز رجبی، جشنهای ایرانی، تهران، ارتامیش، تهران، 1391.

18. ج. فیدن کرن، عادات و مذاهب ایران، باریس، 1968.

19. د. جواد برومند سعید، نوروز جمشید، انتشارات توس (493)، چاپ دوم، ، تهران 1388.

20. حکیم عمر خیام نیشابوری، نوروزنامـە، تصحیح استاد مجتبی مینـوی، انتشـارات اسـاطیر، چاپ دوم، تهران .1385

21. د. حسین محفوظ، النوروز فی الادب العربی، مجلە کلیە الاداب، العدد9، 1961.

22. حیلمی عەلی شەریف، داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان، دەزگاری رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، زنجیره (267)، بەغدا، 1991.

23. دیاکۆنۆف، میدیا، وەرگێڕ: بورهان قانع، بەغدا، 1978.

24. د. ذبیح الله صفا- حماسە سراین در ایران- از قدیمترین عهد تاریخی تا قرن چهارهم هجری.

25. پ. د. رفیق شوانی، نەورۆز ناسنامەو کەلتوری نەتەوایەتی کورد لە رووی: ئەفسانە، مێژووی و ئاینی و نەتەوایەتییەوە، گۆڤاری دهۆك، ژمارە (3)، نیسانی 1998.

26. رمضان داودي، زرداشت و الزرداشتية، منشورات k،1999.

27. سیرجۆن مالکۆلم، مێژووی فارسی، ژمارە (11)، لەندەن 1826.

28. شفیع الماحی احمد، زەردەشت و زەردەشتییەکان، وەرگێڕ و لێکۆڵینەوەی: محمد حسن، هەولێر 2009.

29. صحيفه الاخبار المصريه، العدد 714، مايو /1975.

30. د. عبدالله رازی، تأريخ كامل ايران.

31. عبدالرضا الحسينى المرعشى الشهرستانى، النيروز فى الاسلام، مطبعة الزهراء، بغداد،(بدون تأريخ).

32. عەبدولا موبلغی ئابادانی، مێژووی ئاینی زەردەشت، وەرگێڕ: وریا قانع، چ2،سلێمانی 2004

33. عەبدولعەزیم رەزایی، شەریف فەلاح، مێژووی نەورۆز و کرۆنۆلۆژیای ئێران، پێداچوونەوەی جەلیل عەباسی، خانەی موکریانی، هەولێر 2013.

34. عبدالخالق سەرسام، ئاڤێستای نەورۆز، هەولێر، 2005.

35. على خوروش ديلمانى، جشنهای باستانی ایران، چاپ دوم، تهران،1342 ش.

36. فؤاد حمه خورشيد، الاكراد دراسه علميه موجزه، مطبعة دار السعادة، بغداد .1971

37. فؤاد الصياد، النوروز و اپره فى الادب العربى، حاشيه (1)، ص13، دار الاحد البحيرى، اخوان بيروت 1972.

38. فەلەکەدین کاکەیی، دەربارەی وشەی زاگرۆس، هەولێر 1997.

39. د. کامل حسن بەسیر، گۆڤاری زانکۆیی ژمارە (1)، زانکۆی سلێمانی 1971.

40. مەلا جەمیل رۆژبەیانی، فەرمانڕەوایی شوانکارەی کورد لە هەریمی فارس و ئیسفەهان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی هەشتەم، بەغدا، 1981.

41. مەلا جەمیل رۆژبەیانی، چوار دەولەتی کورد، هەولێر 2000.

42. محمد امين زكى، خلاصه تأريخ الكورد و كوردستان، ت: محمد على عونى، مطبعة السعادة، القاهرة 1939

43. محەمەد ئەمین رەشید لە (النوروز فى الادب الفارسى حتى نهايه العصر الخزنوى، رساله ماجستير، جامعه عين شمس، القاهره 1976.

44. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، نەورۆزی کورد.. لە ئەفسانەوە بۆ جیهانی بوون، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر 2012.

45. محمد حسين بن خلف تبريزى متخلص برهان- فرهنگ برهان قاگع – جلد چهارم.

46. مجموعه من المستشرقين العرب، الكورد في دائره المعارف الاسلاميه، : حول العشائر الايزيدينه في سنجار، تم تدوينها سنه 1938 من ا.ر. ليسكو.

47. مجله معهد دراسات القبطية، ( ژماره و ناوەی خاوەن وتار نی یه)، القاهره 1958.

48. مجتبي مينوى ،احدى فارسيات ابي نواس ،مجلة الدراسات الادبي،العدد (1) سالَى 2،بيروت1964.

49. نشريه وزارت امور خارجيه، دور دوم، شماره 5.

50. هـ. أ. رايت، العصر البلاستوسينى فى كوردستان، ت: فؤاد حەمە خورشيد.

51. هاشم رضى، جشنهاى گاهنبارو فرودوگ، تهران 1389.

52. دكتر محمد معين: مەزديسنا و تأثير ان در ادبياتى بارسى، تهران، 1326.

53. نورى اسماعيل، الديانة الزرادشتية مزديسنا، دار علاء الدين،دمشق 2006.

54. سەرچـــاوەى ئينتـــەرنيتى بەردەســـتە لـــە: http:// forum.niksalehi.com/forum615/thread.51610-4.html، ڕێکەوتی 2013/9/23، کاتژمێر 08:36:16 .